# Message communication through pictorial codes and empirical evidence in dual code theory, "from the perspective of the cognitive linguistics school"

Assist, prof.Dr.Nwzad anwer omer[1], Shno aula hamadamin, [2]

[1] Department of kudish language Faculty of education-koya University, [2]Department of kudish language Faculty of education- Raparin University,

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2471.04*

*Published: 21/07/2024*

## Abstract

One of the modern linguistic school, nowadays widely will use as " cognitive linguistics " It is very applicable school for depend on for collecting update information , for knowing depending on human senses .it contains many complete theories.all theories will work in the same thing as mentioned , like a family members together complete the work, they collaborate the same thing, also they differ in many features , but they like in some features, they contain the same school, in it have many theories they works up one linguistic one of the well known" daul coding theory".This theory will work completely work up one linguistic subjects like education tests .a theory wants to convey a message way two different codes , as oral code and an oral code , oral code consists of writing and conversation but an oral code as picture, the two codes together do the work , the theories can success in scope education and learning, way many factors, away testing theories they have dedicated for education filieds.

***Keywords:*** *Keywords: cognitive linguistics, coding, principle Doul coding, conceptual*

# گەیاندنی پەیام لە ڕێگەی کۆدە وێنەیی و بەڵگە ئەزموونییەکان لە تیۆری کۆدی دوانەدا، "لە دیدی قوتابخانەی زمانەوانیی زانینییەوە"

پ. ی. د. نەوزاد ئەنوەر عومەر /زانکۆی کۆیە/ کۆلێژی پەروەردە - بەشی زمانی کوردی
ئیمێڵ nawzad.anwer@Koyauniversity.org
شنۆعەولا حەمەدئەمین/ قوتابیی دکتۆرا–زانکۆی ڕاپەڕین/کۆلێژی پەروەردە - بەشی زمانی کوردی
ئیمێڵ shnoaula@gmail.com

## پوختە

یەکێک لە قوتابخانە نوێیاوەکانی زمانەوانی، کە لە ئێستادا بە فروانی کارییێدەکرێت قوتابخانەی زمانەوانیی زانینییە " cognitive linguistics "، قوتابخانەیەکی پەیپێبراوە، بۆ زانین پشت بە هەستەکانی مرۆڤ دەبەستێت، لە کۆمەڵێک تیۆری یەکتر تەواوکەر پێکدێت، سەرجەمی تیۆرییەکانی لە چێوەی قوتابخانەکەدا کاردەکەن، بە شێوەیەک تەواوکەری یەکترن وەک ئەندامانی خێزانێک وان، کە بەهاوبەشی کاردەکەن و لە چەند تایبەتمەندییەکدا هاوبەشن و لە هەندێک تایبەتمەندیشدا جیاوازن، بەڵام خاڵی هاوبەش هەیە، کە کۆیاندەکاتەوە لە چێوەی قوتابخانەکەدا چەند تیۆرییەک هەیە، کە کار لەسەر زمان دەکەن یەکێک لەوانە تیۆری ( Dual Coding Theory) تیۆری کۆدی دوانە، کورتکراوەکەی (DCT)، کێشەیەک لەم توێژینەوەیەدا، کە هەبوبێت، ئەویش ئەوەیە کارێکی لە پێشینە لەسەر ئەم تیۆرییە نەبووە تاکو ببێتە ڕێگەخۆشکەر و بەرچاوڕوونی بۆ توێژینەوەکانی تر، ئەگەرنا بە زمانەکانی تر کاری لەسەرکراوە، ئەمەش وایکرد بیر لە کارێکی لەم جۆرە بکرێتەوە، ئەوەی ئەم توێژینەوەیە لە کارەکانی تر جیادەکاتەوە کارکردنە بە تیۆرییەکی نوێباو و گونجاو بۆ گەیاندنی پەیام، بە تایبەت لە بواری پەروەردەدا و کارکردن بە شێوەیەکی پراکتیکی، ئامانجی توێژینەوەکە کارکردنە بۆ ئەنجامێکی ئەرێنی و باش تا بتوانرێت نەک تەنها لە بواری پەروەردە، بەڵکو لە هەموو بوارەکانی تر سوود لەم تیۆرییە وەربگیرێت، ڕێباز و مۆدێلی توێژینەوەکە، ڕێبازێکی وەسفیی شیکاری و کاری مەیدانی و پراکتیکی ئەنجامدراوە بۆ دەستکەوتنی زانیاری و داتای گونجاو، سنووری لێکۆڵینەوەکە لە زمانی کوردی- زاری کوردیی ناوەڕاست کراوە، نموونەکان لەم زارە وەرگیراون و شیکردنەوەیان بۆ کراوە، لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، دوای وەرگرتنی داتاکان، ئەنجامێکی زۆر باشی تیۆرییەکە لە زمانی کوردیدا دەبینرێت، کە شایەنی ئەوەیە ئەم تیۆرییە بخرێتە بواری جێبەجێکردن و کاری لەسەر بکرێت، چونکە بۆ ئێستای زمانی کوردی گونجاوە، تا ئەو کاتەی تیۆرییەکی نوێ و باشتر جێی دەگرێتەوە. لە گرنگترین دەستکەوتەکانی ئەم تیۆرییە بەرزبوونەوەی ڕێژەی زانینییە لای فێرخوازان، بە جۆرێک دەگاتە سەرووی ٩٦% کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر باشە.

**وشـەکلیلییەکان: زانسـتی زانینـی، زمـانەوانیی زانینـی، کـۆدی دوانە، کـۆدی وێنەیـی، کـۆدی نازارەکی**

# گەیاندنی پەیام لە ڕێگەی کۆدە وێنەیی و بەڵگە ئەزمونییەکان لە تیۆری کۆدی دوانەدا، "لە دیدی قوتابخانەی زمانەوانیی زانینییەوە"

٠) **پێشــەکی:** زانســتی زانینــی" cognitive science"، کە بنــاغە و ڕێگەخۆشــەکەری زمـانەوانیی زانینییە بە سـەرەتا و دەسپێکی قوتابخـانەی زمـانەوانیی زانینـی" cognitive linguistic"دادەنرێت، کە یەکێکە لە قوتابخانە هاوچەرخەکان.

**٠-١) ناونیشانی توێژینەوەکە:** بە ناوی" کۆدە وێنەیی و بەڵگە ئەزموونییەکان لە (DCT)دا، لە دیــدی قوتابخــانەی زمــانەوانیی زانینیــیەوە "cognitive linguistic" لە تــوێژینەوەکە دەڕوانرێت، ناونیشانەکە چێوەیەکە بۆ توێژینەوەکە، و ناوەرۆکەکەی دیاریدەکات.

**٠-٢) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** هۆکاری سـەرەکیی هەڵبژاردنی بابەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ بە پێویسـت زانینی بەکارهێنـانی کـۆدی نـازارەکی (وێنە) لە پـاڵ کـۆدی زارەکیدا، بە مەبەسـتی گەیاندنی تێکڕای پەیامە پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، ئابووری، ڕیکلامە گرانبەهاکـان، کە بە ئاگـاییەوە بێـت، یـان نائاگـاییەوە، وێـنە لە گشـت بـوارە جیاوازەکـان بەکاردەهێنرێـت، لە چێوەی قوتابخـانەی زانینی و پراکتیزەکردنی تیـۆری کـۆدی دوانەیی، زمـانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی لە بواری پەروەردە و تەندروستی و کۆمەڵایەتی... هتد ئەم کۆدانە بەکاردەهێنێت.

**٠-٣) گرفتی توێژینەوەکە:** یەکێک لە گرفتەکانی تـوێژینەوەکە نەبوونی کـارێکی لەپێشـیەنەیە لەسـەر کۆدی دوانە، پێشـتر بە شـێوەیەکی مەیـدانی و پراکتیکی داتـای پێویسـت بۆ ئەم بـابەتە وەرنەگیراوە، هیچ بەرچاوڕوونییەک، لەسەر بابەتی ئاماژەپێکراو نەبووە.

**٠-٤)ســنوور و ڕێبــازی تــوێژینەوە:** تـوێژینەوەکە لە چێـوەی زاری کرمـانجی خـواروو ئەنجامدراوە و نموونەکانی لەم زارە پراکتیزکراون، ڕێبازی تـوێژینەوەکە لە چێوەی قوتابخـانەی زمـانەوانیی زانینـی "cognitive linguistic" و تیۆرەکـانی واتاسـازیی زانینـی بە تـایبەت تیـۆری (DCT) ئەنجامدراوە، بە ناڕاستەوخۆیی سوود لە تیۆری تر وەرگیراوە.

**٠-٥) گریمانە و پرسـیاری توێژینەوەکە**: لە گرنگترین گریمـانە و پرسـیاری تـوێژینەوەکە ئەوەیە، کە گریمانە دەکرێت، کۆدە نازارەکییەکان، لە نێویشـیاندا کۆدە وێنەییەکان لەپاڵ کـۆدی زارەکیــی نووســین و ئاخاوتنــدا، کــاریگەریی گرنــگ و بەرچاویــان هەیە لە گەیانــدنی پەیــامە گشتییەکاندا، لێرەدا هەوڵدەدرێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە.

١- تاچەند تیۆری کۆدی دوانەیی گونجاوە و ئەرینییە لە گەیاندنی پەیامدا.

٢- ئایا تیۆرییەکە بێکێماسە؟

٣- بنەماکانی ڕەهەندێکی پەروەردەییان هەیە؟

٤- تیۆرییەکە زیاتر لە چ بوارێکدا بەکارهاتووە؟

٥- شێوازی ئەزموونکردنی تیۆرییەکە چۆن بووە؟

**شێواز و ئەنجامدانی توێژینەوەکە،** بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامێکی زۆر باش بە پێی تیۆری کۆدی دوانە، بۆ تێستکردنی فێرخوازان، (٢٠) فێرخوا هەڵبژێردراون بە شێوەی هەڕەمەکی لە فێرخوازی (زیرەک ناوەند، ئاست نزم)، بە جۆرێک (١٠) کوڕ و (١٠) کچ، تەمەنیان (٦) ساڵ، لە کەشێکی گونجاو، بەبێ هیچ زۆرلێکردنێک، پێشتر بە پیتەکان ئاشناکرابوون، پرسیارەکان لەسەر ئەو بنەمایە دانراون، کە فێرخوازەکان ئەو پیتەیان خوێندووە، کە وێنەکە تێیدا هاتۆتەوە، پرسیارەکانیش گشتگیر بوونە، ڕەچاوی ئاستی فێرخوازان کراوە.

**٠-٦) ناوەرۆکی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە** لە دوو بەش پێکدێت کە بریتین لە: بەشی یەکەم تیۆری (DCT) لە چێوەی قوتابخانەی زمانەوانیی زانینیدا سەرەتای سەرهەڵدانی قوتابخانەی زانینی و کۆدە وێنەییەکان، پێشینەی تیۆری کۆدی دوانەیی/ جوت- کۆد - Dual Coding Theory، تیۆری کۆدی دوانە چییە؟، بەشی دووەمیش، بە ناونیشانی بنەما و بەڵگە ئەزموونییەکانی تیۆری کۆدی دوانەیی (DCT)یە، کە پێکدێت لە نواندنی چەمکی کۆنکرێت و ئەبستراکت لە (DCT) دا، بەڵگە ئەزموونییەکان لە (DCT)دا، بنەماکانی تیۆرییەکە و کێماسییەکانی تیۆرییەکە، ڕێژەی فێربوون و وەرگرتنی داتا لە کۆتاییشدا ئەنجام، پوختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

### بەشی یەکەم/ تیۆری (DCT) لە چێوەی قوتابخانەی زمانەوانیی زانینیدا:

### ١- ١ زمانەوانیی زانینی " cognitive linguistics "

بە درێژایی مێژوی زمانەوانی سەرجەمی تیۆری و قوتابخانە زمانەوانییەکان بۆ ئەوە هاتوون، تا کێماسییەکانی پێش خۆیان پڕبکەنەوە، یەکێک لە قوتابخانە زمانەوانییەکانی سەدەی ڕابردوو، کە لە سەرەتای حەفتاکان سەریهەڵداوە، قوتابخانەی زمانەوانیی زانینیە کە بە" cognitive linguistics" ناسراوە، قوتابخانەیەکی نوێی زمانەوانیی ئاوەزەییە، زمانەوانیی زانینی چوارچێوە و قوتابخانەیەکی ئاسان و فرەتیۆرە، نەک تیۆرییەکی زمان، بۆ نموونە لە ڕووی پۆلێن، یان لە ڕووی پێکهاتەی جۆری زمانزانییەوە خۆی وەک پۆلێک تەماشا دەکرێت پێکهاتە زمانییەکە لێکچوونێکی خێزانی هەیە، کە تاڕادەیەک تێکەڵی تێکەڵکێشی خەملاندنەکانە نەک تیۆرێکی زانراو و پێناسەکراو، خۆی لە کۆمەڵێک تیۆردا دەبینێتەوە،" Geeraerts and Cuyckens,2007:4 " قوتابخانەی زمانەوانیی زانینی " cognitive linguistics " دەکرێت وەک خێزانێک سەیربکرێت، کە ئەندامەکانی تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەیە، لە هەمان کاتدا، هەر ئەندامێک تایبەتمەندیی جیاوازی هەیە، بە هەمان شێوە ئەو قوتابخانەیە کۆمەڵێک تیۆر لەخۆدەگرێت، کە هەموویان هاوبەشیەتییان هەیە،"موهند، ؟ : ١٧٢"سەرەتای کاری زانستی ئەم قوتابخانەیە بە لێکۆڵینەوەی بچووک دەستیپێکردووە، دواتر وردەوردە پەرەیپێدراوە، ئەم قوتابخانەیە تاڕادەیەکی زۆر ڕەگی لە گفتوگۆ زمانەوانییەکانی ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ هەیە، قوتابخانەی زانینی بە بەرهەمی ناکۆکییەکانی زمانەوانانی زانینی و لایەنگرانی چۆمسکی دادەنرێت، دوو لەم کەسانە جۆرج لاکوف و ڕۆناڵد لەنگەکار بوون، کە باوەڕیان وابوو دەبێت، هەڵوێستەکانیان لە تیۆری زمانەوانیدا بە شێوەی ڕیشەیی بگۆڕدرێن، ' هەمان سەرچاوە، ١٧٣'

کۆمەڵێک زمانەوان بە پێشەنگی قوتابخانەی زمانەوانیی زانینی " cognitive linguistic" دادەنرێن، لەوانە" ڕۆناڵد لەنگەکار، فیلمۆر، جۆرج لاکۆف، فاوکۆنیار، تالمای، ئیڤانس، گرین، ئالالن پاڤیۆ ، سادۆسکی، کلارک،... هتد . لە ناو هەموو ئەمانەشدا ڕۆناڵد لەنگەکەر" Ronald Langacke" بە پێشەنگ و ڕابەری قوتابخانەی زمانەوانیی زانینی دادەنرێت، کە لە ساڵانی" ١٩٩١- ٢٠٠٢" گەشەی بەم قوتابخانەیە داوە بە لێکۆڵینەوە زانستییەکانی دەربارەی "ڕێزمان و واتا " توانی ڕەوتێکی تازە بە زمان بدات، ئەم قوتابخانەیە زمان وەک بەشێکی کارلێکردووی توانا زانراوەکان لە ئاوەزی مرۆڤدا دەبینێت، ئەمەش لە کۆمەڵە شتێکدا خۆی دەنوێنێت، لەوانە پەیپێبردن، تێگەیشتن، وشیاریی یادگە، بایەخپێدان، سۆز، لایەنی دەروونی و لۆجیک دوانەبوون لەیەک کاتدا، ئەم قوتابخانەیە بۆتە یەکێک لە گرنگترین قوتابخانەکانی زمانەوانی و هاوکات توانیویەتی بە لقە زانستییە جۆراوجۆرەکانی وەک دەروونناسی، کارلێککردن لەگەڵ زانستی دەمار، زیرەکیی دەستکرد، فەلسەفە و ڕەخنەی ئەدەبی، زانستی زانینی پێکبهێنن، جگە لە لاکۆف و لەنگەکەر، کاری زمانەوانانی دیکەی لەبەرچاوبگیرێت، کە بەشداریان لە گەشەی قوتابخانەکەدا کردووە. لە زمانناسیی زانینیدا، تێڕوانینی گرنگی بۆ زمان هەیە، کە زمان بە سیستەمێکی بێسنووری نیشانە زمانەوانییەکان دەزانێت، کە هەریەکەیان نوێنەرایەتییەکی واتایی بە نوێنەرایەتییەکی دەنگییەوە دەبەستێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە هێماکانی مانادار بە پرۆسەی ئەقڵی دادەنرێت، کە لەلای لەنگەکەر چەمکی چەمک بە شێوەیەک واتای جێگیربوون دەگونجێنێت، بەڵام چەمکی چەمک دینامیکی بوو. لەم ڕوانگەیەوە جەخت لەسەر واتاکە دەکرێت، زمان بیرەکانمان کۆد دەکاتەوە، قوتابخانەی زمانەوانیی زانینی بۆ پەیبردن و تێگەیشتن لە زمان بە تەنیا سوود لە زانیارییە زمانییەکان وەرناگرێت، بەڵکو بۆ ئەو مەبەستە سوود لە تەواوی ئەو زانیارییانە دەبینێت، کە لە دەرەوەی زانستی زمانن و بەجەستەکردن یەکێکە لە لایەنەکانی قوتابخانەی زانینی، بە گشتی ئەم زانستە لە چۆنیەتیی کارکردنی مێشکی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، بە جۆرێک کە چۆن زانیارییەکان لە دەوروبەرەوە بە هۆی پرۆسێسکردنەوە دەناسرێتەوە، وەکچۆن دەتوانرێت پەیانپێبەرین. لە لایەکی ترەوە، بە واتاکانی پێشووتر بەراوردەکرێن، میکانیزمی بۆ پۆلێنکردنیان دادەنرێت و لە یادگەدا هەڵدەگرێت، لە قوتابخانەی زمانەوانیی زانینیدا تێکڕای ڕەهەندەکان بەیەکەوە لەکاردان ئەزموون و توانا کەسییەکان لە ڕابردوو و ئێستادا دەبن بە بنەمای زانینێکی نوێ و تازە، تەواوی ئەزموونەکان لە ئاوەزەی مرۆڤدا دەبن بە بنەما و گشت پسپۆڕییەکان تەواوکەری یەکترن، لە ئەنجامی کارلێکی پسپۆڕییە جیاوازەکان لە شێوەی هاوکێشە و ژمارەیی و لۆگاریتمییەکان یەکتر تەواو دەکەن، دەبن بە تێکردە"Input" و دەرکردە output بۆ یەکتری، بەم پەیوەستبوونە بەیەکتری و بەم تەواوکارییە ڕەوشێکی جیاواز دێننەئاراوە، " Anshakov&Gergely, 2010: 1-4 " زمانەوانیی زانینی قوتابخانەیەکی هاوچەرخی هزری زمانەوانییە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە جگە لە کردەی گەیاندن زمان وەک ئامێرێکە بۆ پرۆسە و ڕێکخستنی زانیاری، (8: PaulThagard, 2005)، (ئیڤانس) جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو قوتابخانەیە تاکە بیردۆزێک و تیۆرییەک نییە، بەڵکو پێکدێت، لە بزوتنەوەیەک، یان قوتابخانەیەک، کە پێکدێت لە کۆمەڵێک

تیۆر، کار لەسەر هەستەکان و هزری مرۆڤ دەکات لەم شیکردنەوەیەدا بناغەی تێگەیشتنی ڕێبازی زانستی زانینی بە شێوەی سیستەماتیک دەبینرێت ((PaulThagard, 2005 :8) خوێندنی زمان لە ڕوانگەی زمانەوانیی زانینییەوە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە شێوازەکانی چەمک و بەچەمککردن، زمانەوانیی زانینی تێڕوانینێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان بە پێی ئەزموونەکانی مرۆڤ و جۆری درکپێکردنی و شێوەی چەمکسازی و چۆنیەتیی بەچەمککردنی شتەکان لە مێشکدا. بەم پێیە لێکۆڵینەوە لە زمان لێکۆڵینەوەیە لە قاڵبەکانی چەمکسازی، یەکێک لە ئامانجەکانی زمانەوانیی زانینی ئەوەیە بزانێ لە مێشکی مرۆڤ چی دەگوزەرێت" . ' کانەبی، ٢٠١٩' لە زمانەوانیی زانینیدا کار لەسەر بەچەمکردن دەکرێت، هزر و ئاوەزی مرۆڤ لۆکەیشنی بە چەمکردنە، لە چێوەی قوتابخانەکەدا چەندین تیۆری یەکترتەواوکەر هەن، کە کار لەسەر ئاستەکانی زمان دەکەن بێ ئەوەی جیاوازی بخەنە نێو ئاستەکانی زمانەوە، یەکێک لەو تیۆرییانەی، کە لە چێوەی قوتابخانەکەدا کاردەکات تیۆری (DCT) یە.

### ١-٢/ پێشینەی تیۆری کۆدی دوانەیی: Dual Coding Theory :

تیۆری کۆدی دوانەیی ' Dual Coding Theory'، کە بە ' D C T' ناسراوە، ئەم تیۆرییە ئەزموونی مرۆڤ لە پرۆسەکانی هاوبەش و دانامیک ڕووندەکاتەوە، کە لەسەر تۆڕێکی دەوڵەمەندی ڕووکەش و ناوەڕۆک کاردەکات، بە تایبەت زمانی و نازمانی/ وێنە، سەرەتا پێویستە سەرهەڵدانی مێژووی تیۆرییەکە بزانرێت، دواتر باسی بنەما بنچینەییەکانی تیۆرییەکە دەکرێت، پێشینەی مێژوویی دوو تاک دەبێتە سەرەتا و دواتر یەکدەگرن لە تیۆری کۆدی دوانەیی/ تیۆری جوت کۆد، کە بە (DCT) ناسرا، (پاڤیۆ) پێشینەی (DCT) دەگەڕێتەوە بۆ (٢٥٠٠) پێش ئێستا بۆ سەردەمی فەیلەسووفە یۆنانییەکان، کە تێیدا وێنەی ئاوەزی دەبەستنەوە بە زمان، بنچینەکەی لە بواری پراکتیکیدا دەگەڕێتەوە، بۆ بەکارهێنانی خەیاڵکردن وەک هاوکارێک بۆ بیرەوەری،' Yates' لە ساڵی ١٩٦٦ جەختی لەسەر لایەنی هزری کردەوە و گەشەی کرد بۆ بوارێکی فراوانتر لە بەکارهێنانی خەیاڵ بە مەبەستی زیادکردنی تێگەیشتنی زانیاری، 'Paivio,2006:1' زمان بە گشتی جێگەی بایەخ بووە، وەک هاوبەشێکی پەروەردەیی بە ڕوونی کاریگەریی دەرکەوت کاتێک خەیاڵ بە شێوەیەکی سیستەماتیکی لە ڕێگەی وێنەکانەوە دەردەبڕا، گرنگیدان بە زمان گەشەی کرد لە سەردەمی ڕێنسانس کاتێک کاریگەرییەکانی شێوازی خەیاڵ و ژیری بە فەرمی وشە و شتەکانی تری بەیەکەوە کۆکردەوە، بە ناوی ' لۆجیکی نوێ' کە تێیدا زمان وەک ئاوێنەیەک بۆ ڕەنگدانەوەی پێکهاتەکانی جیهان دانراوە، (DCT) لە ڕێگەی توێژینەوەوە پەرەیسەند، کە تێیدا پرۆسە ئەزموونییەکان و گریمانەکان بە شێوەیەکی پێشکەوتووانە هەموارکران و درێژکرانەوە بۆ بواری نوێی زانینی، بۆ نموونە، تەکنیکی یارمەتیدەری بیرهێنانەوە و بیرتیژکردنەوە شێوازی تەکنیکی پێگەیشتوو گەشەیکرد بۆ ئەرکی تاقیگەی ستاندارد، کە پێکهاتە کاریگەرەکانی جیاکردەوە، درێژکرایەوە و زیاتر بووە هۆی لێکدانەوەی کۆدی دوانیی گشتیی هزر و دیاردەکانی تری زانینی، ئەم پەرەسەندنە چەمکییە لە زنجیرەیەک گریمانە و گریمانە پێکەوەبەستراوەکان پێکهاتوون، کە

پێناسەی (DCT) دەکەن، لەلایەن کۆمەڵێک زمانەوانیی زانینی، بۆ نموونە، "پایڤیۆ"، b1971، 1986، a1991، b1991؛ " سادۆسکی و پایڤیۆ، 2001، جیمس کلارک" ئەم بەشە وەشانێکی نــوێکراوەی تیــۆرەکە و دەرکەوتە ئەزموونییەکــانی پێشکەشــدەکات، گفتوگــۆی ورد بــۆ تـوێژینەوەی پەیوەندیدار جەخت لەسـەر ئەو لایەنـانە دەکـاتەوە، کە بە تـایبەتی پەیوەسـتن بە لێکدانەوەکانی پەرەسـەندنی مەعریفییەوە، ' Paivio,2007:2 ' بەڵگەنـامە مۆدێرنەکان بوونە سەرمەشـق بۆ بـوژانەوەی خەیـاڵ و ئـاوەزی دەسـتپێک بۆ تیۆرییەکی پەیوەندیدار بە بـواری گەیاندنی پەیام لە بـوارە جیاوازەکانی ژیاندا کە بە (DCT) ناسـرا، لـوتکەی نەریتیی وێنەی هزری، بریتیبوو لە سیستەمی یادگەی شاراوە ' Giorandano Brunos'لە سـەدەی شـانزە، بە ئامانجی ڕێکخستنی زانیاریی بەردەستی سەر زەوی بیرۆکە باڵاکانی جیهانی ڕوحی بە هۆی بەکارهێنـانی جـۆرە جیاوازەکـانی ڕێبـازە کـۆنەکەی ئەنـدازەکانی پەیوەسـت بە وێـنەی هـزری ئەسـتێرەکان کە بە پێی پێکهاتەیەکی گەردووونناسـی (ئەسـتێرەناسـی astrology) ڕێکخـراون، لە یەکێک لە شێوازەکانی (بورونی)' Brunian method'دا نموونە دەهێنرێتەوە بە (a,b)، کە (a) سیسـتەمێکی ئەندازەیی چوارگۆشـەیی پێکهـاتووە لە چەند ژوورێـک دابەشـکراون بەسـەر چەند شوێنێکدا بۆ هەڵگرتنی وێنەی هەموو شتێک لە ناو جیهانی بەرجەستەدا، (b) ئـامرازێکی بـازنەیی جوڵەپێکراو/خـولاوەیە لە یـادگەدا بەکـارهێنراوە وەک چەرخێکـی جـولاو بـۆ بەیەکەوە بەستنی بابەتە جیاوازخوازەکان بە مەبەستی دروستکردنی چەمکی نوێ، شـێوە بـازنەییەکەی (برۆنۆ) (b) وێنە و شـێوەی ئاسمانی لە خۆگرتبوو، کە مەبەسـت لێیـان جوڵەپێدان و ڕێکخسـتن و یەکخســتنی وێنەکــانی جیهــانی بەرجەســتەیە زەویــی ئــێمە بــوو، کە لە یــادگە دانرابــوو، نووســـینەکانی (برۆنــۆ) ڕاســـتەوخۆ هۆکـــار بـــوون، بـــۆ دارشـــتنی شـــارێکی نمـــوونەیی (تۆماسۆکامپێلا) لە ساڵی (١٦٠٢ )، کە بە ناوی (شاری خۆر) ەوەیە، (The city of the sun )، کە تێیدا وێنە خەیاڵییەکان وەک وێنەی ڕاستەقینە پیشاندران، ئەمەش ئامانجێکی پەروەردەیی لەپشتە، خـودی شـارەکەش وەک بنچینەیەک بۆ سیسـتەمی کلاسیکی یارمەتیدەری یادگە ڕۆڵ دەبینێت، ئەو زانیارییـانەی جیهـانی ئـێمە بە چەنـدین وێـنەی جیـاواز و بێشـومار پیشـاندراون لەگەڵ لێکــدانەوەکان لە دیوارەکــانی دەرەوەی پەرســـتگاکان گەلەرییەکــانی ئەوشـــارەیان ڕازاندۆتەوە، کە سـەرجەمی وێنەکـان لەخۆدەگرێت لە وێـنەی ماتمـاتیکی، وێـنەی دارودرەخـت، وێـنەی ڕووبـار و دەریـا، وێـنەی کانزاکـان، وێـنەی ئاژەڵەکـان بە هەمـوو جۆرەکانیەوە، وێـنەی دیاردەکانی کەشوهەوا، شێوەکانی هونەری میکانیکی، کەسـایەتییە گرنگەکـانی مێژوو، ... هتد.

وەک پێشتر ئامـاژەی پێدرا ئامـانجێکی گەورەی پەروەردەیی لە پشت ئەم بـابەتە بـوو، ئەویش کــردەی فێرکردنــی بــوو لەلایەن مامۆســتایەنەوە لە کاتێکــدا کە ڕێنمــایی زارەکییــان دەدا بە فێرخوازان لە خوێندنەوەی بابەتەکاندا لە گەڵیشیدا وێنەکانیان نمایشدەکرد، لە دوای ئەمەشـەوە هەنگاوی زیاتر نراوە لە بواری پەروەردەیی بۆ چەسپاندنی ئەم سیسـتەمە، (Jan Amos) بۆ زیاتر چەسپاندنی ئەم سیستەمە پشـکداریکرد بە وەسـفکردنی وێنە ڕاستەقینەکان کتێبەکەی بە نـاوی (شـیکردنەوەی جیهـان بە وێـنە "The world explained in the pictures " لە نـاو خـودی وێنەکانـدا ژمارەیـان پێدرابوو لە تەنیشـتیاندا بە چەنـد ڕسـتەیەکی کورت ڕوونکردنەوە

کرابوو، کە وەسفی ئەو وێنانەی دەکرد، کە ژمارەیان پێدراوە، لە ناویاندا نزیکەی دوو سەد وشە هەبوو ڕوونکردنەوە لە چەند بوارێکی جیاوازەوە کرابوو وەک (زانستی گەردوون، ئاژەڵ، درەخت، پیشەکان چەمکە ئەبستراکتەکان)، 'Paivio,2006:2 ' هەموو ئەوانەی لەسەر (DCT) کاریانکردووە، جەخت لەسەر ئەزموون دەکەنەوە، پێیان وایە دەبێت مرۆڤ ئەزموونی ڕاستەخۆی لەگەڵ شتەکانی دەوروبەریدا هەبێت، چونکە " شتەکان گرنگترن و وشەکان تەنها ڕێکەوتن، شتەکان بریتین لە جەستە، بەڵام وشەکان تەنها بەرگێکن، شتەکان بریتین لە ناوەرۆک و وشەکان توێکڵ و داپۆشەرن، هەر دووکیان دەبێت لە هەمان کاتدا پێشکەش بە بیر/ ژیری بکرێن، بە تایبەت شتەکان، چونکە ئەوان بەهەمان شێوەی زمان گرنگن بۆ تێگەیشتن " ' 'piaget,1993:267

## ١-٣/ تیۆری کۆدی دوانە/ جوت کۆد DCT چییە؟

زانین و پەیپێبردن بە گوێرەی تیۆری" DCT" پێکدێت لە دوو نیمچە کۆمەڵە یاخود لە دوو سیستەمی جیای یەکترتەواوکەر سیستەمێکی زارەکی (ئاخاوتن و نووسین) کە تایبەتە بە زمان سیستەمێکی نازارەکی، ئەویش تایبەتە بە شتومەک و ئامراز و ڕووداوە نازمانییەکان، سیستەمەکان بە جۆرێک دانراون پێکدێن لە یەکەی نموونەی ناوەکی پێیان دەوترێت لۆگۆگینەکان (logogens) سیستەمەکە پێکدێت، لە یەکەی زارەکی دەنگ، پیت، مۆرفیم وشە، فرێز، ڕستە، هتد، یەکەی نازارەکیش بریتییە لە وێنە، ئەم دوو یەکەیە لە کاتێکدا چالاک دەبن، کە مرۆڤ دەتوانێت شتەکان بناسێتەوە و بەکاریانبهێنێت،' paivio,2006:3 ' تیۆری کۆدی دوانە" DCT " ئەو تیۆرییەیە کە کار لەسەر هزر دەکات، بە هاوبەشیی هەستەوەرەکانی مرۆڤ، بە تایبەت هەر دوو هەستی بینین و بیستن، لە "DCT "دا کار لەسەر دوو کۆدی زارەکی و نازارەکی دەکرێت، لە کردەی گەیاندندا هاوبەشن، سەرەڕای زمانی ئاخاوتن و نووسین، لە کۆدی نازارەکیدا وێنە کاریگەرە لە بابەتی گەیاندندا، وێنە بە خاڵی بەهێزی بیرهێنانەوە دادەنرێت،"DCT" جەخت لەسەر بوونی دوو کۆدی جیاوازی لە هەمان کاتدا یەکترتەواوکەر دەکاتەوە، هەر دوو کۆدەکە بە تەواوکەری یەکتر دادەنرێن و بەیەکەوە پرۆسەی زانینی مرۆڤ پێکدەهێنن، پەیڕەوی زارەکی و نازارەکی تایبەتن بە کۆدکردنەوە، وەرگرتن و داکردنی زانیارییەکان، ڕێکخستنیان لە یادگەدا و دانەوەی زانیارییەکان بە شێوەیەکی ڕیکخراو، 'پێڕەوی زارەکی، تایبەتە بە زانیاریی زمانی و تەرخانە بۆ وروژێنەر و وەڵامدانەوەی زمانی، زانیارییە زمانییەکان، لە فۆرمی گونجاودا دادەکرێن، کۆد یان پێڕەوی نازارەکی تایبەتە بە پێواژۆکردنی و نواندنی ئەو زانیارییانەی، کە بنەماکانیان وێنەیە "ابراهیم،٢٠١٩: ٦٠ ' لە پەیڕەوی زارەکیدا ئاخاوتن و نووسین بنەمای کردەی گەیاندنە، لە پەیڕەوی نازارەکیدا وێنە بنەمای کردەی بیرهێنانەوە و گەیاندنە، لەم تیۆرییەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە مرۆڤ بۆ پۆلێنکردنی هەموو ئەو یەکانەی کە لە جیهانی دەوروبەریدا هەیە و لە ئاوەزیدا دایان دەکات هەموو هەستەوەرەکانی بەیەکەوە دەخاتە کار، بە تایبەت دوو هەستی بینین و بیستن، دەتوانێت هەستی بینین بۆ وشە و دەقە نووسراوەکان و وێنەکان بەکاربهێنێت،

هەرچی هەستی بیستنە دەتوانێت هەموو دەنگە زمانی و نازمانییەکانی پێ ببیستێت و لە ئاوەزیدا بە کۆدیان بکات، هەر دوو پێکهاتەکان بە گرنگ دادەنرێن لە گەیاندنی پەیامی گوتار و وێنەکان بە سەرچاوەی لێکدانەوە دادەنرین 'Duygu, 2010: 57 '. یادگەی مرۆڤ لە ڕاستیدا دەتوانێت دوو کۆدی جیا بەکاربهێنێت وێنەکە کۆدی نازارەکییە، کۆدی زارەکی، هەردووکیان لە دوو شوێنی جیاوازی مێشکدا کاردەکەن، بەڵام شێوازی کارکردنیان بەیەکەوەیە بۆ کۆکردنەوە و گەڕاندنەوەی زانیاری، وەک پێشنیازکراوە، بە لێکۆڵینەوە فراوانەکانی "ئالان پایڤیۆ" تاقیکردنەوەکانی دەریانخست کە دەتوانرێ زانیاری بیربهێنێتەوە دەربارەی شتە فیزیکیەکان، کە بیرهێنانەوەی زارەکی، قەرزداری وێنەیە بۆ بابەتەکە، ئەوەی بەهۆی کۆدی زارەکی دێتە ئاراوە زیاتر پێکهاتەیەکی چەمکییە، هەرچی بەرهەمی کۆدی نازارەکییە، کە پەیوەندی بە هەستەکان و وێنەوە هەیە، بریتییە لە پێکهاتەیەکی زانینی، کە هەستەوەرەکان کاریگەر بوونە لە هێنانەدیی ئەم پێکهاتەیە، بە تایبەت وێنە لە کردەی بیرهێنانەوەدا پێکهاتەکە پێکدێنێت.' 'paivio,2010: 207 هێما وێنەییەکان لە ڕووی مەرجدارییەوە جیاوازن، کە بە هۆیەوە وێنە و لۆگۆگینی جیاوازمان هەیە بۆ هەستەکانی بینین، بیستن و بەرکەوتن هەروەها چاودێریی تایبەتمەندییەکانی زمان دەکەن هێما یان وێنە شوێنگرەوەکان پەیوەستن بە هەستەوەرەکانی وەرگرتن (Input) سیستەمەکانی دانەوە/ دەربڕین (output) پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، تاکو بتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ ڕۆڵببینن یان هاریکاری یەکتر بکەن بۆ ڕێکخستن و نێوەندگیری لە نێوان ڕەفتاری زارەکی و نازارکیدا. لە DCTدا ئەوە دووپاتدەکرێتەوە، کە ئەم دوو سیستەمانە بە شێوەیەکی یەکسان بەشدارن لە دیاردە زمانییەکاندا سیستەمی زارەکی یاریکەرێکی سەرەکییە لەناو سەجەم یارییە زمانەوانییەکاندا، بەڵام تەنها لە کەمێکیاندا ڕێژەیەکی تەواوە، لە سەرنجراکێشترین و واتادارترینیان ئەوەیە سیستەمە زارەکییەکە سوودێکی زۆر لە زانیاری و کارامەیی لە ڕۆڵگێڕان و یاریکردنی سیستەمە نازارەکییەکەدا دەبینێت، بە پێچەوانەوە سیستەمە نازارەکییەکە بە پشتبەستن بەتەنها بە خۆی ناتوانێت یاریی زمانی بکات، بەڵام دەتوانێت یاریی ئاڵۆزی نازارەکیی یەکلایەنە بکات، سیستەمە زارەکییەکە لە هەندێ لە بوارەکاندا زاڵە (وەک وشە تان و پۆکان crosswords) هەروەها سیستەمە هزرییە نازارەکییەکە لە هەندێ ئەرکی تردا زاڵە وەک یاریی پارچە وێنە و مەتەڵ (jigsaw puzzle)، پەیپێبردن و زانین بریتییە لە شیوە گۆڕاوەکەی کارپێکردنی هەردوو سیستەمەکە بەپێی ڕێژەی گەشەکردنیان، سروشتی تایبەتی هزری تیۆری جوت-کۆ تیۆرەکە جیادەکاتەوە لە تیۆرە ئەبستراکتیە باوەکانی تر، ئەو تیۆرانەی جەخت لەسەر زاڵبوونی زمان دەکەنەوە بۆ بیرکردنەوە لە بەرهەڵستییە ئاینی و پەروەردەییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە لە ماوەی چاخی ڕێنسانسدا، ئەم تیۆرانە گەیشتنە لوتکە لە لێکدانەوە ڕەفتارییە مۆدێرنەکانی بیرکردنەوە وەک ئاخاوتنی ناوەکی. یەکێکی تر لە ڕێسا باوەکانی ئەم تیۆرە وای دادەنێت، کە یەکە هزرییە واتاییەکان و پرۆسەکانیان، زۆر جار بە پرۆپەزیشن (دەربڕین) یان نەخشە/ schemata ناودەبرێن. تیۆرییە دوو ڕەگییە ئاڵۆزەکانی تر لە بنەڕەتدا بریتین لە شێوازی گەورەکراوی ڕێبازی جوت کۆد، کە تیایاندا هێما زارەکییە و نازارەکییەکان گرێدراون، بە جۆرێک لە

سیستەمێکی چەمکی ئابستراکت. ' paivio,2006:4-5 ' کارکردن و پراکتیککردنی DCT پاڵپشتیکردنی ئەو قسەیەیە، کە وێنەیەک بەهای هەزار وشەی هەیە، لە ئەنجامی تاقیکردنەوە بەپێی کات وەستاوەنی زاناکان و زمانەوانەکان بە تایبەت لە بواری پەروەردە و فێرکردندا هاوڕان، هەروەها بەڵگەیەکی زۆر بۆ پشتگیریکردنی ئەم دەربڕینە هەیە، (Greg Hughes) پێیوایە لە بابەتە بینراوەکان یەک وێنە دەتوانێت لە هەمان کاتدا زانیاریی زۆر وەربگرێت و دواتر بیداتەوە. کاتێک ئێمە وێنەکان بە وشەکان جوتدەکەین، دوانەیەکی بەهێز دروستدەکەین بۆ ئەو مەبەستەی کە دەمانەوێت لە کردەیەکدا بیگەیەنین.

**لە تیۆری " DCT" جەخت لەسەر چەند لایەنێکە، ئەوانیش ئەمانەن:**

١- کاتێک کە " DCT " بەکاردێت لە پرۆسەیەکدا یارمەتیی زانیارییەکان دەدات بۆ باشتر چوونیان بۆ یادگەی درێژخایەن.


٢- هێز و قورسای لەسەر یادگەی کارکردن کەمدەکاتەوە.

٣- زانیارییەکان ئاسانتر دێنە دەرەوە لە یادگەی کارکردن لە کاتێک کە پێویستیمان بێت.

٤- پرۆسەی تێگەیشتن خێراتر دەکات.


٥- پرۆسەی دانەوەی زانیارییەکان خێراتر دەکات.

٦- بەرنامە جیاوازەکان بێ کۆتایین بۆ هەموو ستراتیجییەکانی فێربوون لەسەر بنەمای زانستی زانینی.



هێڵکاریی ژمارە (١) سیستەمی کۆدی دوانە

پرۆسەی وەرگرتنی زانیاری لە "DCT " دا بەهۆی کۆدی نازارەکی چالاکتر دەردەکەویت، هەم لە وەرگرتنی زانیاری (Input) هەم لە دانەوەی زانیارییەکان ( output) لە پرۆسەی دانەوەی زانیارییەکاندا خێراتر زانیارییەکان دێنەوە یاد، ئەمەش کاری بیر ئاسان دەکات، هەموو ئەمانەی باسدەکرێت لە کارەکانی"ئالان پاڤیۆ"دا بە ئەزموونی پەروەردەیی سەلمێنراون، لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی "پاڤیۆ و سادۆسکی" ئەمە دەرکەوت کە هیچ شتێک وەک کۆدی نازارەکی کارگەر نییە بۆ کردەکانی گەیاندن جا لە هەر بوارێکدا بێت، توانای مرۆڤ لە ناسینەوەی شتەکان زیاتر بەندە بەو وێنە هزرییانەی کە لە مێشکیدا بەکۆدیکردوون، لە ئەنجامی بەریەککەوتنی هەستەکانی لە ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەیدا، کاتێک دەق و کۆدێکی زارەکی لەگەڵ کۆدی نازارەکیی وێنەکاندا یاوەری دەکات، وەرگر/گوێگر باشتر کردەکە وەردەگرێت هەرچۆنێک بێت، ئەمە تەنها کاتێک کاردەکات کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک هەردوو کۆدەکە بە یەکەوە دێن تێکەڵدەکرێن، تێکەڵەیەکی باش لە وشەکان و وێنەکان ئاساندەکات بۆ فێربوون.
ئەمە لەسەر بنەمای (DCT) کە لە ساڵی ١٩٧١ (ئالان پاڤیۆ) ئەو بیرۆکەیەی بەکارهێنا، کە مرۆڤ پێویستی بە پەیوەندیی زارەکی یان وێنەی بینراو هەیە بۆ زیادکردنی کاریگەریی وەرگرتنی کردەی فێربوون بیردۆزەکە وا دادەنێ، کە ئێمە دوو سیستەمی زانینیی تایبەتمان هەیە، سیستەمێک تایبەتە بە نواندن و پرۆسەکردنی ئۆبجێکتەکان/ بۆنە ناهاوبەشەکان (بۆ نموونە، وێنەکێشان)، و سیستەمەکەی تر تایبەتە بە مامەڵەکردن لەگەڵ زمان ‘*Kirschner & Neelen,* **2017**:3’ لە (DCT) دەبێت ئەمە لەبەرچاوبگیرێت:





هێڵکاری ژمارە(٢)وەررگرتنی زانیاری بە پێی DCT (Kirschner and Neelen, 2017 :3)

١- تیۆری کۆدی دوانی بە هەموو ناوەڕۆکەکەیەوە کارناکات، ئەو چەمکانەی کە زۆر ئاڵۆزن لەوانەیە باشتر گونجاو بن لەگەڵ ستراتیجییەکانی تر، بە هەمان شێوە، ئەو زانیارییانەی کە زۆر سادەن لەوانەیە پێویستی بە تیۆری کۆدی دوانە نەبێت.

٢- تیۆری کۆدی دوانی بۆ مەبەستی تێگەیشتن لەوانەیە باشترین کار بۆ دەستپێکەرەکان بکات لە کاتێکدا وێنەکان دابیندەکرێن، بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵێک دەستپێکەری تر، کە هیچ کۆدێکی نازارەکییان بۆ دابیناکرێت زانیارییان نییە، لەبەرئەوە ناتوانن هەمان تێگەیشتنی کۆمەڵەی یەکەمیان هەبێت.


٣- دانانی وشە و وێنە لە یەک کاتدا کە هەمان وێنەی وشەکە بێت (بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بە هەمان چەمک) لە بیردا، بۆ نموونە




هێڵکاری ژمارە (٣) پیشاندانی کاریگەری وێنەلەسەر کردەی بیرهێنانەوە


لە(DCT)دا ئەوە سەلمێنراوە، کە دەتوانرێت لە مێشکماندا وشەی نووسراو و ئاخاوتن تەنها جارێک بەکۆدیبکەین، بەڵام هەرچۆنێک بێت وێنەکان و وشەکان دووجار بە کۆد دەکرێن، سەرەتا بە شێوەی بینراو، پاشان بە زارەکی، 'سێلسێت' و هاوکارەکانی ئەنجامەکانیان ڕوونکردەوە لە ڕووی کۆدی تاک یان جوت کۆد زانیارییەکان کە لە بازنەیەکی فۆنۆلۆجی گفتوگۆی تێداکراوە لە ئەنجامدا دەرکەوت وێنەکان دوو هێندە کاریگەری جێدەهێڵن و بەم شێوەیە شوێنەوارێکی بەهێزتریان لە مێشکماندا هەیە.

مۆدێلی کارکردنی بیری




هێلکاری ژمارە (٤) مۆدێلی کاری بیر ( Baddeley&Hitchs,2017:2)

لە (DCT)دا، نەک هەر شوێنەواری زانیاری زیاد دەکەیت لە یادەوەریی درێژخایەنی خۆتدا، بەڵکو شوێنەوارەکە بەهێزتر دەکەیت، چونکە دوو شوێنەواری پەیوەست بەیەکتر بەهێزترن لە یەک جۆر شوێنەوار، هەروەها ڕێگەت پێدەدات زانیارییەکان بە دوو شێوازی جیاواز بەبیرتبهێنیتەوە یان بناسیتەوە، بۆ ئەوەی بتوانیت ئەم کاریگەرییە بەدەستبهێنیت، پێویستە لە ڕاستیدا هەردوو جۆری پرۆسەکان بەکاربێنیت، وەک زارەکی و بینراو، تێکەڵکردنی وێنەیەک بە وشەیەکی تەواوکار (نووسراو یان بە پەسەندی ئاخاوتن)، تۆ لێرەدا هەردوو تواناکە بەکاردێنیت بە شێوەیەکی کاریگەر وەک ئەوەی کە هەردوو پرۆسەی زارەکی/واتایی بەکاردێنیت (واتە، تۆ وشەی نووسراو/ ئاخاوتن دەدۆزیتەوە) و پرۆسەیەکی هێمایی (واتە، تۆ وێنە دەدۆزیتەوە). بە واتایەکی تر، پێویستە لە هەر دوو میمۆرییە ئیشکەرەکە کەڵک وەرگریت، بەم شێوە پرۆسەکە دەبێتە هۆی زیادکردنی توانای بیرهێنانەوە و تێگەیشتن.




هێڵکاری ژمارە (٥) مۆدێلی گشتی تیۆری کۆدی دوانی " Sadoski, M. & Paivio, A. ,2013:893"

## بەشی دووەم/ بنەما و بەڵگە ئەزموونییەکانی تیۆری کۆدی دوانەیی (DCT):

### ٢-١/ یەکەی لۆگۆگین و وێنە لە (DCT):

لە DCT دا کار بە یەکە بنچینەییەکانی تیۆرییەکە دەکرێت، ئەم تیۆرییە دوو یەکەی لەخۆگرتووە، یەکەی بنچینەی کۆدی زارەکی و نازارەکیی بیردۆزە مەعریفییەکان زۆربەی کات یەکەکانی بنەڕەتی یان "بلۆک/قاڵبی بنیادنان" لە زانین دیاریدەکەن، یەکە بنچینەییەکان لە سیستەمی زارەکیدا لۆگۆگینن، و یەکەی سەرەکی لە سیستەمی نازمانیدا وێنەیە. ئەم چەمکانە نیشاندەری جۆرە جیاوازەکانی زانیارییَن، لە(DCT)وا دادەنرێت، کە ئەم چەمکانە لە بیری ئەبستراکتی و وەستاوی دەردەچن دەبن بە دوو چەمکی کۆنکریتی و گوزارشت لە گۆڕانی بەردەوام و داینامیکی و نەرمی و گونجاوی دەکەن، بە پێی ئەوەی کە کۆزانیاری و واتای وشە بەردەوام لە گۆڕاندایە و دەوڵەمەند دەبێت بە واتای جیاواز بەهۆی تێپەڕینی کات و شارەزابوون لە بەکارهێنانی وشەکان لە نێو دەق و چوارچێوە جیاوازەکاندا، یەکەکان هەرچەندە نوێنەرایەتی یادەوەرییەکانن بەردەوامییان هەیە، دەتوانرێت بەوە پێناسەی لۆگۆگینەکان بکرێت، کە بریتین لەو یەکانەی کە ئەرکیان ناسینەوەی وشەکانی زمانە لە هەر دوو کۆدەکەدا، لە کۆدی زارەکیدا لە نواندنە بیستراوەکاندا لۆگۆگینی بیستراو هەیە، ئەرکیان ناسینەوەی پیتەکان و مۆرفیم و وشە گۆکراوەکانە، لە نواندنە بینراوەکانیشدا لۆگۆگینی بینراو هەیە ئەرکیان ناسینەوەی فۆنیم و مۆرفیم و وشە نووسراوەکانە، لۆگۆگینی هەستپێکراویش هەیە، کە ئەرکیان دەستنیشانکردنی کردەی ئاخاوتن و نووسینە، ئەمەش ئەوەدەردەخات کە لۆگۆگینەکان دیاریکەری فرەلایەنن بۆ ناسینەوە و دەستنیشانکردنی دەنگ و فۆنیم و مۆرفیم و وشە و نووسین و گۆکردنی وشەکان یان یەکە زمانییەکانن، یەکەکان هەرچەندە نوێنەرایەتیی

یادەوەرییەکانن بەردەوامییان هەیە، یەکەکانی زمان لە قەبارەدا جیاوازن، هەرچەندە هەندێک قەبارە زیاتر ئاشناترن لە ئەوانی تر بۆ نموونە، وشەکان، لۆگینەکان لە تێگەیشتنی زمانەوە وەرگیراون و کاریگەرییان لەسەر تێگەیشتنەکەی دەبێت، لە هەمبەر لۆگۆگینی کۆدی زارەکیدا لۆگۆگینی کۆدی نازارەکیمان هەیە، کە وێنەکانن. ئەرکی ناسینەوە و دیارکردنی وێنەکانە' Sadoski & Paivio,2013:889 '، کە وێنەی بیری و توانای ناسینەوە و بیرهێنانەوە دەهێننەکایەوە، لۆگۆگینەکانی کۆدی نازارەکیی فرەچەشنن وەک لۆگۆگینەکانی بینراو، بیستراو، جوڵاو یان هەستپێکراو، لە کاتێکدا وێنەکان ماونەتەوە و دەتوانن ببنە تێکەڵە لە پێکهاتەیەکی هزریی گەورەتر، کە ڕەنگدانەوەی سروشتی فرەهەستەکانە، هەردوو جۆری نوێنەرایەتییەکان دەتوانن بە شێوازی جۆراوجۆر چالاکبکرێن. لۆگۆگینەکانی زارەکی دەتوانن چالاکبکرێت لەلایەن تێکردنی هەستەوەری ڕاستەوخۆ وەک بینینی زارەکیی چاپکراو، یان وێنە، بۆ نموونە:

١- باخەوانەکە گوڵەکەی ئاودا.

وشەی (گوڵ) لە دەقێکی بینراودا لۆگۆگینەکان بەم شێوەیە دەیاننناسنەوە . (گ)، (و)، (ڵ) لە دەقێکی بیستراویشدا لۆگۆگینەکانی بیستن بەم شێوەیە دەربڕاوەکان شیدەکەنەوە بۆ فۆنیمەکانی (/ گ/، /و/ ،/ڵ/) لە کۆدی نازارەکیشدا لە بەرانبەر وشەی بیستراو و بینراوی (گوڵ) وێنەیەک هەیە، کە لە هزری قسەکەردا هەیە و وشەکەی پێدەناسرێتەوە وەک ئەم نموونە وێنەییە.



وێنەی ژمارە (١) وێنەی گوڵ

مەبەست لە وێنە بیستراوەکانیش ئەو دەنگانەن کە بە شێوەی سروشتی یان ناسروشتی دروستکراو دەبیسترێن و بەرگوێ دەکەون بۆ نموونە:

١- ڕاهێنەرەکە فیکەی کۆتایی لێدا.



وێنەی ژمارە (٢) وێنەی فیکەی ناوبژیوانی یاری تۆپی پێ

لە کاتی لێدانی فیکەی ناوبژیوانی یاری دەنگێک دروستدەبێت، کە لە هزردا وێنایەکی بیستراوی هەیە و لە دەنگەکانی تر جیایدەکاتەوە، جۆرێکی تری وێنا، وێنای هەستپێکراوە کە پەیوەندی بە وروژاندنی هەستەکانەوە هەیە، کە بوونێکی ناوەکییان هەیە، پێچەوانەی هەستی بینین و بیستن و دەستلێدان، ئەم هەستە زیاتر لە کاتی باسکردنی بابەتەکاندا دەوروژێت، وەک ناوهێنانی وشەی قەیرانی ئابووری یان بینینی وێنەی ناوچەیەک کە لە قەیراندان وەک ناوچەکانی ئەفریقیا کە ڕۆژانە چەندین منداڵ لە بێخزمەتگوزاری و بێنانی و بێخزمەتگوزاریی تەندروستی گیانلەدەستدەدەن، یاخود ناوهێنانی وشەی جەنگ یان بینینی وێنەی کوژراوانی جەنگ ئەمانە هەمووی ترس و دڵەڕاوکێ لای تاکەکانی کۆمەڵ دروستدەکات و جۆرە هەستێک

لە ناخی تاکەکاندا دەوروژێنێت، کە خۆی لە ترس و دڵەڕاوکێ و دوودڵی و قەلەقی و نائارامیی دەروونی دەبینێتەوە.

## ٢-٢/ بنەماکانی (DCT):

تیۆری کۆدی دوانە تیۆرییەکی گشتی زانین و عەقڵییە، بۆ ڕوونکردنەوەی کاریگەرییە بەهێزەکان کە وێنە لەسەر بیرگە هەیەتی، تیۆری کۆدی دوانە زیاتر دیاردەیەکی زەینی هەیە، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٦٠ (DCT) ئیلهامی زۆر لە توێژینەوە و دیبەیتە دەروونناسییەکان وەرگرتووە، تیۆرییە دەروونناسییەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان گێڕاوە لە هاندان و سەرهەڵدانی مۆدێلی کۆدی دوانی، تیۆرییە دەروونناسییەکان ڕۆڵیان بینی لە وەسفکردنی وێنە و کاریگەری لە هزردا، تیۆری جوت کۆد وەک یەکێک لە کاریگەرترین تیۆرییەکانی ناسینەوە وەسفکراوە (DCT) هەر لە کاتی سەرهەڵدانییەوە تا ئێستا ڕاستەوخۆ لە چەندین بواردا کارپێکراوە، سێکتەری پەروەردەش سەرەکیترین سێکتەرە کە ئەم تیۆرییەی تێدا ئەزموونکراوە، قەبارە و چوارچێوەی تێروتەسەلی تیۆرییەکە و درێژکراوەکانی و بنەما ئەزموونییەکانی تیۆریەکەی (Paivio ١٩٧١، ١٩٨٦، ١٩٩١، ٢٠٠٧، کارە هاوبەشەکەی (پاڤیۆ و بێگ) لە ساڵی ١٩٨١، کارەکەی (سادۆسکی و پاڤیۆ) ٢٠٠١، لە ڕوانگەی مێژووییەوە یەکەمین سیستەمی زانستییە هەوڵدانە بۆ گونجاندنی دوو ڕەوشت لە فەلسەفەی دەروونناسیدا، تیۆری کۆدی دوانی/جوت کۆد هەندێک جار بە تیۆرییەک بۆ وێنەکێشانی مێشک ناودەبرێت، بە تایبەتی وێنەی بینراو.

١- توێژینەوە ئەزموونییەکانی تیۆری کۆدی دوانی جەختیان کردۆتەوە لەسەر یادەوەری هەر بە زوویی فراوان بوو بۆ دیاردەکانی تری زانینی، هەرچەندە یادەوەری هەر بە خاڵێکی جەوهەری دەمێنێتەوە، چونکە بنەمای هەموو زانیاری و بیرەکانە "paivio,2006:4 "


١- یەکێک لە بنەماکانی تیۆری کۆدی دوانی بریتییە لە پشتبەستن بە کۆدی زارەکی (زمانی نووسین و زمانی ئاخاوتن).

٢- بنەمایەکی تری تیۆری کۆدی دوانی بریتییە لە پشتبەستن بە کۆدی نازارەکیی وێنە "Image"هەمیشەجەخت لەسەر کاریگەریی وێنە دەکرێتەوە کە هەستی بینین تێیدا پێشەنگە، کە تێیدا کاریگەریی وێنەکان لە کردەکاندا بە دوو ئەوەندە و زیاترە بەرانبەر کۆدی زارەکی دانراوە.

٣- لایەنێکی تر کە لە تیۆری کۆدی دوانی پشتی پێدەبەسترێت، بریتییە لە جەختکردنەوە لەسەر ئەزموونی کۆنکریتی و لایەنی هزری. بیرۆکە سەرەکییەکانی تیۆری کۆدی دوانی ئەوەیە، کە تیۆرییەکە وای دادەنێت کە زانین و پەیبردن، چالاکیی دوو کۆدی دەروونیی جیاواز لەخۆدەگرێت، کۆدی زارەکیی تایبەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ زمان بە هەموو شێوەکانی و کۆدێکی نافەرمیی تایبەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ شتە نازمانییەکان و ڕووداوەکان لە شێوەی

وێنەی مێشکدا ئەم سیستەمی کۆد کردنانە جیاوازن، بەڵام پێکەوە گرێدراون، هەر بۆیەش دەتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ، هاوتەریب، یان لە ڕێگەی پەیوەندییەکانیانەوە کاربکەن.

٤- تیۆری کۆدی دوانی بنەمایەکی پەروەردیی هەیە و تێکڕای ئەزموونەکان بۆ سەلماندنی کارکردنی تیۆری کۆدی دوانی لە بواری پەروەردە بووە، کە پرۆسەی فیربوونی تێدا ئەنجامدەدرێت، تێکڕای داتای وەرگیراو لە بواری پەروەردەیی بووە، بۆ ئەمەش قۆناغە جیاوازەکانی تەمەن ئەزموونکراون، لە ئەزموونەکاندا تێکڕای ئاستەکانی قوتابییان ڕەچاوکراوە، لێکۆڵینەوە پەروەردەییەکان دەخاتەڕوو، کە تایبەتن بە تیۆری کۆدی دوانی، گرنگیی لایەنی کرداری شیکردنەوەی گەشەکردنی ئەم تیۆرە لە جەختکردنەوەیدایە لەسەر گەشەی پێشووتری سیستەمی نازارەکی وەک بناغەیەک بۆ کارامەییەکانی زانین کە زمانیش دەگرێتەوە، گەشەی پێشوو پشت دەبەستێت بە ئەزموونی پێشووی نازارەکی، کە بەرەبەرە پەیوەندیی هەبووە بە ئەزموونەکانی زمان کە پەیوەستن بە گەشەی لایەنی زارەکی. ' paivio,2006:5 ' کۆدی زمانەوانی، یان زارەکی، لە هەندێک ئەرکدا زاڵە، کۆدی (نافەرمیش) نازارەکی لە هەندێک لایەنی تر زاڵە بەسەر ئەوانی تردا و هەردوو سیستەمەکە زۆر جار بەیەکەوە بەکاردێن، هەمەچەشنی و نەرمیی مەزنی ناسینەوە هەمووی لە چالاکیی ئەزموونەوە دێت، لە نێوان ئەم کۆدانەدا هیچ کۆدێکی قوڵتری ئەبستراکت گریمانەناکرێت تیۆری کۆدی دوانی لەسەر بنەمای گریمانەی هاوبەشی بەردەوامبوون لە نێوان تێگەیشتن و بیرگەی ئەزموونی دەرەکی لە ڕێگەی وروژاندنی هەستی خەڵکەوە ڕووددات و کۆد دەکرێنەوە لە شوێنەواری بیرگە کە هەندێک لە سیفەتە کۆنکرێتی و ڕەسەنەکانیان وەک وشەکان و شتەکان دەپارێزن بیردۆزەکە سیفەتی فرەڕەگەزییە، چونکە هەردوو ئەزموونی زارەکی و نازارەکی دەتوانن بە واتای جیاواز ڕووبدەن مۆدێلاتەکان لە نێویاندا بینین، بیستن، دەستلێدان لە کۆدی زماندا هەن و هەر پێنج هەستەکە لە کەیسێکی وێنەی مێشکی تیۆرەکانی بیرگەی کارکردن کە پێشنیازی جیاواز و تایبەت بە مۆدەلێتی دەکەن هەن، کۆگاکانی بیرگە بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ تیۆری کۆدی دوانەیی گونجاون بۆ نموونە، بیرگەی کار و بیرگەی درێژخایەن لە بەبیرهێنانەوەدا هاوکارن. جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە بە ئەزموون سەلمێنراوە دەبێت چەمکە کۆنکرێتییەکان زووتر لە چەمکە ئەبستراکتەکان تێبگەین و بیربێنەوە.



وێنەی (٣) نواندنی کۆدی زارەکی بیرهێنانەوە و پیشاندانی وێنە لە بیردا

مەرج نییە هەمووکات کۆدە نازارەکییەکان هاوکات لەگەڵ کۆدە زارەکییەکان بەیەکەوە بێن، لە زۆر کات و شوێندا کۆدە نازارەکییەکان بە تەنیا دێن، کە لە توانایندا هەیە چەندین پەیام بگەیەنن، بۆ نموونە ئەم وێنەیە ئەگەر هیچ کۆدێکی زارەکی و نووسینیش نەبێت، خودی وێنەکە کۆمەڵێ واتای لێ بارکراوە، وەک لەمەوپێش ئاماژەی پێکراوە، پێشتر ئەم (وشە یان وێنەیە) لە ڕێگەی کۆدێکی زارەکی یان نازارەکی لە زەیندا داکراوە، بە پێی گۆڕانی کات زانیاریی سەرباری دەخرێتەسەر و واتای تری لێباردەکرێت، بەمەش ڕێژەی پەیامەکان لە کردەکەدا زیاتر دەبن.

کاتێک ئەم وێنەیە دەبینیت ئەم پەیامانە دەگەیەنێت.



+ پاشایەتی
+ گەورەیی
+ دەسەڵاتداری
+ حوکمی بنەماڵەی خاوەنی هێز
+ شاجوانی
+ دەوڵەمەندی
+ ... هتد

وێنەی ژمارە (٤) وێنەی تاجی پاشایەتی

لە دۆخێکی وەک کۆڤید نۆزدەدا (COVID-19) لە بواری تەندروستیی وێنەکان کاریگەربوون لە گەیاندنی پەیامەکاندا لەپاڵ دەربڕینە زمانییەکان و هێما نووسراوەکان و کۆدەکانی نووسیندا، وێنەکان بە زوویی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تیڤییەکان هەموو بوارەکانی ڕاگەیاندن بڵاوبوونەوە، لە کردەی گەیاندندا وێنەکان بە دوو جۆر گوزارشت دەکەن:

١- وێنە و نووسراو بەیەکەوە کردەکە دەگەیەنن. ٢- وێنە بە تەنیا کردەکە دەگەیەنێت.

" ئەمڕۆ لە سەردەمی وێنەدا دەژین هاوسەنگ و هاوکات لەگەڵ سەردەمی وشە و نووسین، سەردەمی وێنە و نووسین بەیەکەوە، دەبینین کە وێنە لەگەڵمانە و لێمان جیانابێتەوە" ' سلیمان،٢٠١٤: ١٥٣'. وەک ئەوەی کە دەبینرێت لە گشت کردەیەکی گەیاندنی پەیامەکاندا لە زۆربەی کاتدا وێنە و نووسین هاوتان و شان بە شانی یەکتر دەڕۆن، زیندووترین نموونەی ئەمڕۆ لە وێنەدا کە بووە بە وێنەیەکی گشتی لە سەرتاسەری جیهان، ئاماژەکردنە بە مەودای نێوان دووریی کەسەکان لەیەکتری لە شوێنە گشتییەکان، کە هاوشانی یەکتر بەکارهاتوون، بەڵام وێنەکە زیاتر کاریگەرە لە زمانە نووسراوەکە، لە ناو خودی وێنەکەدا زمانی نووسراو بەکارهاتووە، بەڵام هەمیشە کاریگەریی وێنەکە زیاترە لە گەیاندنی پەیامەکەدا بە بەراورد لە

زمـانی نووسـراو، ئەمەش زیـاتر بـۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تەرکیـزی وەرگـر لە هەسـتی بینینـدا زیاتر لەسەر وێنەکەیە نەک نووسراوەکە.

وێـــنەی ژمـــارە (٥) پیشـــاندانی دوری پێیەکان

## ٢-٣ / بەڵگە ئەزموونییەکان لە (DCT )دا:

تـوێژینەوە ئەزموونییەکـانی تـۆیی کـۆدی دوانەیـی لە سـەرەتادا جەختیـان کـردۆتەوە لەسـەر یادەوەری، و هەر بە زوویی فروان بوو، بۆ دیاردەکانی تری زانین و پەیپێبردن هەر چەنـدە یــادەوەری هەر بە خــاڵێکی جەوهەری دەمێنێــتەوە، چــونکە بنەمــای زانیــاری و بیرەکــانە، جەختکردنەوە لەسەر یادەوەری لێرەدا زیاتر پاساوی بۆ هێنراوەتەوە بەهۆی ئەوەی فێربوون و یـادگە لەنـاو جەرگەی ئامـانجە پەروەردەییەکانـدان، ئەمەش گرنگییەکـی تـایبەتی بـۆ تیـۆری کــۆدی دوانەیــی و جێبەجێکردنەکــانی هەیە، کە بــریتین لە کــاریگەرییە سوودبەخشــەکانی کۆنکرێتکردن و خەیاڵکردن لە یادگەدا، سەبارەت بە چەسپاندن و کۆنکرێتکردن توانای یادگە بە گشـتی زیـاد دەکـات بە شـێوەیەکی ڕێکوپێـک هەر لە چەمکە واتاییەکـانەوە وەک (یەکسـانی، دادپەروەری)، بۆ چەمکی کۆنکرێت، لە یادگەدا، کۆنکرێتکردن بە هۆی کۆدی نازمـانیی وێنە لە یادگەدا، هەر وەک پێشتریش ئاماژەپێکرا دەتوانرێت لە ڕێگەی وێنەی تەرازوویەکـی بـواری داد یەکســانی وێنابکرێــت، یــان وێــنەی دادوەرێــک کە جلــی دادوەری و کــڵاوی دادی لەســەردایە دادوەری وێنابکرێــت، لە ڕوانــگەی زمانەوانیشــەوە کــاریگەریی کــۆنکرێتکردن لە ئامرازەکانــدا ڕوودەدات، کە درێژدەبێتەوە لە ئاستی وشـەوە بۆ ئاسـتی ڕسـتە و گـوتاری دووروودرێژ کە بە تێکـرا یـادگەی کۆنکرێـت توانـای لە یـادگەی ئەبسـتراکت زیـاترە، یـاخود یـادگەی ئەبسـتراکت تێـدەپەڕێنێت ڕێـژەی توانـاکەی دوو بەرانـبەر یەکە، کۆنکرێتبـوون گرنگیـی زیـاتری لە ئەرکە یادەوەرییەکانـدا هەیە، کە تیایـدا ڕێـژەی وەبیرهێنـانەوەی وەڵامـدانەوە بـۆ شـتەکان بـۆ هـۆی سەرەداوی وشەی کۆنکرێت یان وێنەییەوە دەبێت، کاریگەرییەکـان دەکرێت بە دوو گریمـانەی تیۆرییەکە ڕوونبکرێتەوە، یەکێک لە گریمانەکانی تیۆرییەکە ئەوەیە، کە کۆد یان ڕێسا زارەکی و نازارەکییەکان لە ڕووی ئەرکەوە سەربەخۆن، دەکرێت کاریگەریی زیادکراویان هەبێت لە کـاتی بەبیرهێنانەوەدا ئەم کردارە ئەزموونکرا بە پۆلێک فێرخواز، کە تیایدا داوایان لێکرا لە کردەیەکی ئەزموونیـدا بەشـداربوان لە تـاقیکردنەوەیەکی ئـازادی بیرهێنـانەوەدا پێشـنیازکرا نـاوی کـۆمەڵی شتە پیشاندراوەکان بهێنن، هەرچی بابەتە کۆنکرێتەکان بـوون تـوانرا بە دوو کـۆدی (زارەکـی و کۆدی نازارەکیی وێنە) شـوێنپێیان لە یادگەدا جێگیرکـرا، بەڵام ئەمە بـۆ چەمکە ئەبستراکتەکان کــارێکی ســەخت بــوو بتوانرێــت لە یــادگەدا وێنــابکرێن، بە هەر دوو کــۆدەکەی (زارەکــی و نــازارەکیی وێــنە) بەکــۆدبکرێن، 'Paivio,2006:5' یەکێکــی تــر لە بەڵــگە ئەزموونییەکــان لە (DCT)دا کــاریگەریی کــۆنکرێتکردن دەکرێــت لەگەڵ تەمەنە جیاوازەکانـدا بەدەسـتبهێنرێت، بە لەبەرچـاوگرتنی شـیاوییان، کە بە تـایبەت جـێگەی بـایەخن لە بـواری بەراوردکردنـی وێـنە بـۆ وشەکان، بۆ ئەم بابەتەش جۆرێکی تەمەنی جیاواز لە منداڵان ئەزموونکران، بۆ نموونە منداڵانی

تازە گەشەکردوو لە ڕووی زمانەوە ناتوانن وێنەکان باشتر لە وشەکان بەبیربهێننەوە، یان وەک کەسانی پێگەیشتوو ناتوانن ڕاستەوخۆ ناوی وێنەکان بهێنن، هەر بۆیە جۆرێک بەکارهێنانی هەردوو کۆدەکە بەیەکەوە ڕەچاوکرا و لەمەدا سەرکەوتووبوون، کە بەیەکەوە هەردو کۆدی زارەکی و نازارەکی بۆ ئەم قۆناغی تەمەنە بەکاربهێنن. ' clark and paivio,1991:155 ئەمەش یەکێکە لە گریمانە پێکهاتەییەکانی تیۆری کۆدی دوانەیی، سەبارەت بە پەیوەندییەکانی بەستنەوەی نواندنی کۆدی زارەکی و کۆدی نازارەکی بۆ تۆڕێکی ئاڵۆز کە بەیەکەوە کاردەکەن، " پەیوەندیی نێوان هەر دوو سیستەمەکە پێیدەوترێت ئاماژەکاری پەیوەندییەکان"، ' clark and paivio,1991:153' هەندێکجار جەخت دەکرێتەوە کە هەر دوو سیستەمەکە بەیەکەوە بەکاربهێنرێن، ئەمەش بە ئامانجی زیاتر بیرهێنانەوەی بابەتەکانە، کە کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر پرۆسەی فێربوون هەیە. لەلایەکی تریشەوە، کردەی گەیاندنی زانیارییەکان چالاکتر دەکات، چونکە هەستی بینین لە پیشاندانی وێنەکان کاریگەری لەسەر یادگەدا هەیە، وێنەکان زیاتر لای وەرگر دەمێننێتەوە واتاکەش دەچەسپێت.(٢) یەکێکی تر لە بەڵگە ئەزموونییەکان قۆناغێکی تری ڕێزمانییە لە (DCT) دا لە ساڵی ١٩٧٣ لە لایەن (مۆسێر و برێگمان)ەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشتگیری کرا، ئەمەش لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەزموونکردنی بەشداربووان، کە تێیدا " فێری شێوازێکی ڕێزمانیی بچووکی دەستکردبوون، بە بوون و نەبوونی بابەتە سینتاکسییەکان، بە پێدانی ڕستەی جیاواز " ' paivio, 2006:6 "بەشداربووان کران بە دوو گرووپەوە هەندێک لە بەشداربووان کۆمەڵێک ڕستەی جیاوازیان پێدرا، هیچ نیشانەیەکی فێربوونیان پێنەدران، هەندێک لە بەشداربووانی تر جگە لە کۆمەڵە ڕستەیەک لەگەڵیدا وێنەکانیان پیشاندران، ئەنجامی ئەزموونی هەر دوو گرووپەکە بەم شێوەیە بوو؛ ئەو بەشداربووانەی کە هەر دوو کۆدەکەیان بەکارهێناوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو گرووپەی یەک کۆدیان بەکارهێناوە لە کردەی فێربووندا، دەرکەوتووە، گرووپی بەکارهێنەری هەر دوو کۆدەکە: ١- بە خێرایی و زووتر ڕستەکان فێربوونە.

٢- توانیویانە ڕستەی تریش فێرببن واتە ڕێژەی فێربوونیان بۆ ڕستەی تر زیادی کردووە. زمانەوانەکان بۆیان دەرکەوت کە ئەم ئەنجامانە لەگەڵ شیکردنەوەی سیستەمی کۆدی دوانەیی بۆ سینتاکس یەک دەگرنەوە، بە تایبەت ئەو دەرئەنجامەی کە ڕێزمانی فێربوون لە سەرەتاوە لەلایەن منداڵانەوە دەبەسترێتەوە بە سینتاکسی شتە کۆنکرێتییەکان و ڕووداوەکان لە ڕێگەی خەیاڵ و وێناکردنەوە و دواتریش ڕێزمانی شتە ئەبستراکتەکان گەشەدەکات ' paivio,1971: 437-438 ' ئەو زانیاریيانەی کە لەلایەن (مۆسێر و برێگمان)ەوە خرانەڕوو بە وردی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوەتەوە لە ڕوانگەی شێوازە هزرییەکانەوە لەبارەی زمان کە لەگەڵ (DCT) یەک دەگرێتەوە، لە (DCT) دا گەشەی سیستەمی زارەکی پەیوەستە بە دەوڵەمەندیی بناغەی کۆدە نازارەکییەکەوە ئەمەش تائێستا هەر بەم جۆرەیە' paivio, 2006:6 '

### ٢-٤ / کێماسییەکان لە DCTدا:

هەرچەندە تیۆرەکان تازە بن و زۆرترین گونجانیان هەبێت لەو بواری تێیدا کاردەکەن، بەڵام هێشتا بێ کەموکوڕی نابن و ناتوانن چارەسەری سەد لە سەدی کێشەکان بکەن، تیۆری کۆدی دوانەییش لەگەڵ ئەوەیدا تیۆرییەکی گونجاوی بواری گەیاندنی زانیاری و پەروەردە و فێرکردنە، بەڵام وەک هەر تیۆرییەکی تر کۆمەڵێک ڕەخنەی ڕووبەڕووکراوەتە ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە ڕەخنەکان لە کاتی ئەزموونکردندا بووە لەلایەن دامەزرێنەرانی تیۆرییەکەوە.

١) یەکێک لەو کەموکوڕییانەی کە لە تیۆرییەکەدا هەیە ئەوەیە، کە کارکردن بە تیۆری کۆدی دوانەیی بۆ هەموو قۆناغێکی تەمەن گونجاو نییە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەزموونکردنی کارەکییانەی بەڵگە ئەزموونییەکان لە منداڵانی تەمەنی باخچەی ساوایان و خوار ئەو تەمەنە، نەتوانرا هەر دوو کۆدەکە وەک یەک بیربهێنرێنەوە، لە ڕووی زمانەوانییەوە منداڵان ناتوانن وێنەکان لە وشەکان زیاتر بناسنەوە، بیریانبهێتەوە، واتە تاڕادەیەک لەبەرکردنی وشەکان ئاسانترە بۆ منداڵان لە وێنەکان. بە واتایەکی تر، ئەم تەمەنە زیاتر فێری ئاخاوتن دەبن و وشەکان لەبەردەکرین لە وێنەکان. ' clark and paivio,1991:155'

٢) یەکێکی تر لە کەموکوڕییەکانی تیۆرییەکە، ئەوەیە جیاوازیی تاکەکان بۆ کۆدی نازمانیی وێنە، جیاوازە، هەندێک کەس ئارەزوویان بۆ وێنە نییە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەزموونکردندا دەرکەوتووە، کاتێک کۆمەڵێک فێرخواز بە بابەتێکی خوێندن ئەزموونکراون لە بەکارهێنانی کۆدی نازمانیی وێنە هاوتا لەگەڵ کۆدی زمانیی وێنە دەرکەوتووە، کە نەیانتوانیوە هەردوو کۆدەکە وەک یەک بەکاربهێنن، زیاتر پشتیان بە کۆدی زمانی بەستووە دەرکەوتووە ئەو کەسانە ئارەزوویان بۆ بواری وێنە نەبووە. ' clark and paivio,1991:156 '.

٣) یەکێکی تر لە کەموکوڕییەکانی تیۆرییەکە، مەودای کارکردنی تۆرییەکەیە، زۆربەی ئەرکە ئەزموونییەکانی لە بواری پەروەردەییدا بووە، بوارەکانی تر بە گشتی فەرامۆشکراون، بۆ ئەزموونکردن تیۆرییەکە تەنها بواری پەروەردەیی هەڵبژاردووە، پشتی بە توانای فێرخوازن بەستووە، لە دەرەوەی بواری پەروەردە نەیتوانیوە سوود لە توانای کەسانی تر ببینێت، تیۆرییەکە باس لە توانای (کەسانی نەخوێندەوار) ناکات، لە کاتێکدا کۆدی نازمانی کۆدێکە زۆربەی چینەکان دەتوانن لێی تێبگەن.

٤) (DCT) نەیتوانی چارەسەری (ئامرازەکان) بکات، لە کۆدی نازارەکیدا نەتوانراوە وێنەی ئامرازەکان پیشانبدرێت، واتە تیۆری کۆدی دوانەیی لە دانانی وێنە بۆ هەندێک لە بەشە ئاخاوتنەکان دەستەوەستان مایەوە، تەنها دەتوانێت وێنەیەکی فرێزی پیشانبدات، بەڵام کاتێک دێتە سەر یەکەیەکی وشە و ئامرازەکان ناتوانێت وێنەیەکی دەقاودەق پیشانبدات، بۆ نموونە:

١- کتێبەکە لەسەر مێزەکە بوو.

لەم ڕستەیەدا دەتوانرێت وێنەی (کتێب)، (مێز)، (سەر ڕووی مێز) پیشانبدرێت. ناتوانرێت ئامرازەکە وێنابکرێت.



مێز

وێنەی ژمارە (٦)

٥) (DCT) نەیتوانی چارەسەری وشە ئەبستراکتەکان بە تەواوی بکات، هەندێک وشە هەن تەنها لە ناخدا هەستیان پێدەکرێت و لە زەیندان، مرۆڤ ناتوانێت، وێنەیەکی دەقاودەقیان بۆ بکێشێت، یاخود هەندێک لە وشە ئەبستراکتەکان تەنها بە هەست دەردەبڕێن تیۆرییەکە ناتوانێت هەستی هەموو کەسێک وەک یەک سەیربکات و وێنابکات، بۆ نموونە دەربڕینی وشە ئەبستراکتەکانی (خۆشی، شادی، دڵنەوایی ...) ناتوانرێت لای هەموو کەسێک یەک وێنەیان هەبێت. لەلایەکی تریشەوە، ناتوانرێت وێنابکرێن، هەرچەندە تیۆرییەکە باس لە هەندێک لە وشە ئەبستراکتەکان دەکات کە دەتوانرێت لە زەیندا وێنە بکرێن وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا وشەی (دادوەری)، بە وێناکردنی دادوەرێک کە کڵاوێکی لەسەرە لە زەیندا وێنادەکرێت، بەڵام مەرج نییە هەموو شتێک بە هەمان شێوە وێنابکرێت.

٦) نایەکسانی لە وێناکرندا (DCT) نەیتوانی وێنەی بەشە ئاخاوتنەکان وەک یەک بکێشێت، بۆ نموونە ئەگەر بەشەئاخاوتنی ~~ناو بە~~ بەرانبەر کار وەرگرین دەبینین وێنەکان بۆ بەشەئاخاوتنی ناو زۆر زیاترن لە وێنەکان بۆ بەشەئاخاوتنی کار، تەنها هەندێک لە کارەکان دەتوانرێت وێنە بکرێن. بۆ نموونە: درەختەکە سەوز بوو.




سەوز

بوو

وێنەی (٧) وێنەی دار

## ٢-٥/ دیاریکردنی ڕێژەی فێربوون بە پێی (DCT):

کرۆکی تیۆری (DCT) کارکردنە لەسەر هەستەکان و ئەزموونە جەستەییەکان، بۆ گەیاندنی هەر پەیامێک، جا پەیامەکە، فێربوون و فێرکردن بێت، گەیاندنی هەواڵێک بێت، پرسیارکردنێک بێت، هەستدەربڕینێک بێت، قەدەغەکردن بێت، ناساندن و دیاریکردن بێت، یاخود هەر بابەتێکی تر، " کاریگەرییەکان دەکرێت بە دوو کۆدی تیۆرییەکە ڕوونبکرێنەوە" ' paivio,5:2006' کۆدە زارەکی و نازارەکییەکان لە ڕووی ئەرکەوە سەربەخۆن و دەکرێت کاریگەریی زیادکراویان هەبێت، لە کاتی وەبیرهێنانەوەدا، لە تاقیکردنەوەیەکی ئازادی بەبیرهێنانەوەی هەر دوو کۆدەکە بەکارهێنراون، (paivio) لە ساڵی (١٩٧٥) و (paivio & lambert) لە ساڵی (١٩٨١) ئەوەیان سەلماند، کە کۆدە نازارەکییەکە لە ڕووی یارمەتیدەریی یادگەوە بەهێزترن بە بەراورد بە کۆدە زارەکییەکان، گرنگیی زیاتری وەبیرهێنانەوە لە پرۆسەی فێربووندا بە سوودوەرگرتن لە پاڵنەرە جەستەییەکان پێشبینی ئەوەیان کردووە، کە لە کۆدی نازارەکی 'وێنە'دا، وێنە لێکدراوەکان کاریگەرترن لە وەبیرهێنانەوەدا، بە بەراورد بە وێنە سادەکان ' paivio,5:2006' ، لە (DCT)دا و لە سەرەتای کاری تیۆرەکەدا کار لەسەر کەتەگۆریی "وشە" کراوە، دواتر پەرە بە کارەکە دراوە و ڕستەش بۆتە جێی باس و لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە، لەم توێژینەوەیە و لە وەرگرتنی زانیارییەکاندا پرسیارە ئاڕاستەکراوەکان لە سەر

کەتەگۆریی وشە کراوە، کە بە شێوەی کۆدی نازارەکییەکەی وێنە، پیشاندراوە، لەم خشتەیەدا ڕوونکردنەوە لەسەر وەرگرتنی زانیارییەکانی فێرخواز دراوە.

| پۆل | تەمەن | ژمارەی فێرخوازی وەرگیراو | ڕەگەزی نێر | ڕەگەزی مێ | بابەت | ژمارەی وێنە | ژمارەی پرسیاری ئاراستەکراو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ٦ ساڵ | ٢٠ فێرخواز | ١٠ | ١٠ | زمانی کوردی | ٥٠ وێنە | ٥٠ پرسیار بۆ هەر بۆهەرفێرخوازێک |

خشتەی ژمارە (١) زانیاری لەسەر فێرخوازان و پرسیارەکان

لە دەسپێکی کارەکەدا کۆی هەر (٥٠) وێنەکە بە فێرخوازەکان ناسێنراون، واتە قۆناغی یەکەمی کارەکە بریتیبوو لە ناساندنی وێنە، بە فێرخوازەکان، هەڵبژاردنی وێنەکانیش هەمەجۆر بوون و هەوڵدراوە لەم تێستەدا تەنها ئەو وێنانە بهێنرێتەوە، کە بەرجەستەن، پەنجا (٥٠) وێنەکە لە ماوەی سێ (٣) ڕۆژدا بە فێرخوازان ئاشناکران و ناسێنران، بە جۆرێک بۆ ناساندنی هەر وێنەیەک، هەرجارەی پێنج (٥) فێرخواز وەرگیراون، واتە ئەم بیست (٢٠) فێرخوازە بە چوار (٤) جار وەرگیراون، وێنەکانیش بە شێوەی گەورەکراو دانرابوون بە جۆرێک لە قەبارەی پەڕەیەکی (A4) تەنها دە (١٠) وێنە هەبوو، واتە لە پێنج (٥) پەڕەی (A4) دانرابوون، کۆی وێنەکانیش بە ملەوەنی و بە ڕەنگی سروشتیی خۆیان پیشاندرابوون، چونکە ڕەنگ کاریگەری لەسەر هەستی بینین هەیە و منداڵ حەز بە بوونی ڕەنگەکان دەکات و دەتوانرێت بوترێت، بە شێوەی ئەرێنی کاریگەری لەسەر کردەی گەیاندن هەیە، بۆ هەر فێرخوازێک هەموو وێنەکان ئامادەکرابوون، بە شێوەیەک لە کاتی ئاشناکردنیان بە وێنەکان فێرخوازان وێنەکانیان لەبەردەست بوو، ژینگەیەکی لەبار و گونجاو و تەندروست بۆ فێرخوازان فەراهەمکرابوو، هەموو فێرخوازێک دەیتوانی بە ئازادانە لە بارەی وێنەکان بدوێت و هەر یادەوەرییەک و ئەزموونێکی جەستەیی کە لەگەڵ ئەمجۆرە وێنەیەدا هەیەتی، باسی بکات، هەندێک لە وێنەکانیش بە شێوەی ئەزموونی جەستەیی کە زۆربەی هەستەکان تێیدا بەشدار بووە ناسێنراوە. ئەم کارەش بۆ ئەوە بووە، فێرخوازان بە شێوەیەکی ئەرێنی و باش وێنەکان لە یادگەدا دابکەن. لە لایەکی تریش، بۆ ئەوەبووە کاری بیرهێنانەوە ئاسان بکات، سروشتی منداڵیش ئاوایە حەزدەکات هەموو شتێک بە شێوەی ئەزموونی جەستەیی بکات، هەستەکان بخاتە کار بۆ ئەوەی باشتر بە شتەکانی دەوروبەری ئاشنا بێت،" لێکۆڵینەوە سایکۆلۆجی و دەمارییەکان و ڕەفتارییەکان پشتگیریی زیاتر بۆ کۆدی دوانە دەخەنەڕوو (پاڤیۆ و تۆمس)، ئەوەیان خستەڕوو، کە وێنەی شتەکان و دەنگ کاریگەریی زیادەیان لەسەر یادەوەری و ناسینەوە و بیرخستنەوە دەبێت" ' paivio,2006:7'، لە کاتی پیشاندانی وێنەکان تێبینی ئەوەکرا، ئەو وێنانەی، کە ئەزموونی جەستەییان لەگەڵیاندا هەیە، زووتر دەیانناسیتەوە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو وێنانەی، کە کەمتر بەرکەوتنی لەگەڵیان هەیە.

| ڕێککەوتی | ژمارەی وێنە | وێنەکان |
|---|---|---|
| ٥ شەمە/ ٢٠٢٢/١٢/٨ | ١٦ وێنە/ لەم ڕێککەوتە تەنها (١٦) وێنە پێشانی فێرخوازان | وێنەی " مۆز، سێو، ترێ، کێک، ئەنەناس، بادەم، مرەبا، بەڕو، دار، مێوژ، نینۆک، مێز، بازن،ددان، |

| | | |
|---|---|---|
| | دراون | سمۆرە، باران" |
| ١شەمە/ ١١/١٢/ ٢٠٢٢ | ١٧وێنە/ لەم ڕێککەوتە تەنها (١٧) وێنە پێشانی فێرخوازان دراون | وێنەی " زمان، تراکتۆر، مەیمون، ئاسک، ماسی، ڕێوی، کاتژمێر، ڕێواس، سیر، تاوس، باز، مۆم،تور، کاکی، ترۆزی، تەماتە،بامیە، |
| ٢شەمە/١٢/١٢/٢٠٢٢ | ١٧ وێنە/ لەم ڕێککەوتە تەنها (١٧) وێنە پێشانی فێرخوازان دراون | کۆتر، برمە، بیبەر، نان،سەمون، ماست، دۆ، نۆک،ئاو، نیسک، بریانی، مراوی، ساوار،مار، کەباب، کورسی، کتێب" |





خشتەی ژمارە (٢)پیشاندانی وێنەکان و ئاشناکردنیان بە فێرخوازان.

### ٣-٦/ ئاڕاستەکردنی پرسیارەکان بە شێوەی کۆدی دوانە:

ئامانجی سەرەکی کاری ئەم داتایە و وەرگرتنی زانیاری، گەیشتنە بە ئەنجامەکانی کۆدی دوانە (DCT)، شێوازی کارکردنی (DCT) پشتبەستنە بە هەر دوو کۆدی زارەکی و کۆدی نازارەکی (وێنە)، " وێنە بابەتێکی دووبارەبووەوەیە و پەیوەستە بە سروشتی پەیوەندی لە نێوان زمان و گفتوگۆکردندا، زمان ئاڵۆزترین ڕەفتاری جیهانییە، کە بە شێوەیەکی سروشتی ڕوودەدات، کە هەموو تاکێک بەرژەوەندیەکی تایبەتی تێدا هەیە"، "Evans,2017:13" ئەوەی تێبینیدەکرێت ئەوەیە وێنە بابەتێکی دووبارەبووەوەیە، واتە دەکرێت، لەهەر کاتێکدا بێت لە پاڵ زماندا دووبارەببێتەوە، واتە دەتوانێت شانبەشانی زمان، لە گەیاندنی پەیامەکاندا هاوبەش بێت، مەبەست لە دووبارەبوونەوەی وێنە لە کاتەجیاوازەکاندا ئەوە دەگەیەنێت، لە سەردەمانێکدا مرۆڤ پێش قۆناغی نووسین بە فۆنیمەکان، بۆ گەیاندنی پەیامەکانی و لە کردەی گەیاندندا، تاکە هۆکاری بەردەستی وێنە بووە، لە ڕێگەی وێنەوە توانیویەتی زمانێکی هاوبەش بدۆزێتەوە، هەموان لەیەکتر تێبگەن. وێنە وەک سیستەمەکانی تری پەیوەندیکردن لەسەر پاڵنەرێکی قوڵی پەرەسەندن دامەزراوە بۆ هاوکاریکردن و بنیادنان. لەوەش گرنگتر ئەوەیە، لە جیهانی نوێی سەدەی بیست و یەک لە پەیوەندییە دیجیتاڵییەکاندا، وێنە زیاتر توانای مرۆڤ بۆ گفتوگۆکردن فراوانتر دەکات "Evans,2017:14" هەموو ئەوانەی باس لە گرنگی وێنەدەکەن لە پاڵ زماندا، ئەوەدەگەیەنێت، کە کۆدی نازارەکی وێنە یارمەتیدەرێکی باشی کۆدی زارەکییە، لە هەموو کردەکانی گەیاندندا، بەسەرنجدانی وەڵامی پرسیارە ئاڕاستەکراوەکانی کۆدی زارەکی و کۆدی نازارەکی (کۆدی دوانە) وەڵامەکان لە هەندێک پرسیاردا تەواو پێچەوانە دەبنەوە ئاستێکی بەرز تۆماردەکەن، ئەنجامەکانی کۆدی دوانە تەواو جێی سەرنجدان و گرنگیدانە بە شێوەیەک ڕێژەی وەڵامدانەوە دەگاتە سەرووی لەسەدا نەوەت و شەش، لە کۆی (١٠٠٠) هەزار پرسیاری ئاڕاستەکراو، کە بە شێوەی کۆدی دوانە ئاڕاستەکرابوو، وەڵامی زانراو بریتی بوو لە (٩٦٢) نۆ سەت و شەست و دوو وەڵامی زانراو، واتە لە کۆی (١٠٠٠) هەزار پرسیار فێرخوازن تەنها (٣٨) وەڵامیان نەزانیوە، لە کۆی ئەم وەڵامانە فێرخوازان توانیویانە (٢٨) بیست و هەشت پرسیار سەد لە سەد وەڵامبدەنەوە، واتە (٢٨) پرسیاریان وەڵامی سەد لە سەدیان هەبووە، نزمترین ئاستی وەڵامیش (٨٥%) لە سەدا هەشتاو پێنج بووە، ئەمەش بە بەراورد بە

تێستەکانی تر ئاستێکی بەرزە، لەم تێستەدا هەر دوو کۆدی زارەکی و نازارەکی بەکارهاتووە، فێرخوازان کۆدە نازارەکییەکەیان وەک هۆکارێکی بیرهێنانەوە دەبینی کاتێک نەیاندەتوانی کۆدە زارەکییەکە بخوێننەوە سەیری وێنەکەیان دەکرد و وشەی ئاماژەپێکراویان بیردەهاتەوە، و لە ڕووی کاتی تێستەکانەوە فێرخوازان بە کاتێکی کەمتر وەڵامی پرسیارەکانیان دەدایەوە. لەلایەکی تریشەوە، فێرخوازان لە ڕووی دەروونییەوە ئارام و هەم ئامادە باش بوون. بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (٣) ڕێژەی وەڵامی زانراو نەزانراوی هەر پرسیارێک، لە هەر دوو ڕەگەزەکەدا دەردەکەوێت.

| ژ | پ/ئاراستەکراو | و/زانراو | و/نەزانراو | و/ڕەگەزی مێ زانراو | و/ڕەگەزی مێ نەزانراو | و/ڕەگەزی نێر زانراو | و/ڕەگەزی نێرنەزانراو | کۆی و/زانراو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| -١ |  سێو | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -٢ |  مۆز | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -٣ |  کێک | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -٤ |  ترێ | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -٥ |  تور | ١٨ | ٢ | ٨ | ٢ | ١٠ | ٠ | ٩٠ |
| -٦ |  بەڕو | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -٧ |  مێوژ | ١٩ | ١ | ١٠ | ٠ | ٩ | ١ | ٩٥ |
| -٨ |  بادەم | ١٧ | ٣ | ٨ | ٢ | ٩ | ١ | ٨٥ |
| -٩ |  سیر | ١٨ | ٢ | ١٠ | ٠ | ٨ | ٢ | ٩٠ |
| -١٠ |  مرەبا | ١٩ | ١ | ٩ | ١ | ١٠ | ٠ | ٩٥ |
| -١١ |  ئەنەناس | ١٨ | ٢ | ٩ | ١ | ٩ | ١ | ٩٠ |
| -١٢ |  دار | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -١٣ |  تەماتە | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -١٤ |  ترۆزی | ١٩ | ١ | ٩ | ١ | ١٠ | ٠ | ٩٥ |
| -١٥ |  برمە | ١٩ | ١ | ٩ | ١ | ١٠ | ٠ | ٩٥ |
| -١٦ |  ڕێوی | ١٨ | ٢ | ٨ | ٢ | ١٠ | ٠ | ٩٠ |
| -١٧ |  بامیە | ١٧ | ٣ | ٨ | ٢ | ٩ | ١ | ٨٥ |
| -١٨ |  کۆتر | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -١٩ |  بیبەر | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -٢٠ |  سەمون | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -٢١ |  نان | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -٢٢ |  دۆ | ١٨ | ٢ | ٨ | ٢ | ١٠ | ٠ | ٩٠ |
| -٢٣ |  ئاو | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -٢٤ |  ماست | ١٩ | ١ | ٩ | ١ | ١٠ | ٠ | ٩٥ |
| -٢٥ |  نۆک | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -٢٦ |  بریانی | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -٢٧ |  نیسک | ١٩ | ١ | ٩ | ١ | ١٠ | ٠ | ٩٥ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| -٢٨ |  ساوار | ١٩ | ١ | ١٠ | ٠ | ٩ | ١ | ٩٥ |
| -٢٩ |  مراوی | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -٣٠ |  ماسی | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -٣١ |  کەباب | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -٣٢ |  مار | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -٣٣ |  مۆم | ٢٠ | ٠ | ١٠ | . | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -٣٤ |  کتێب | ١٩ | ١ | ٩ | ١ | ١٠ | ٠ | ٩٥ |
| -٣٥ |  باز | ١٨ | ٢ | ٨ | ٢ | ١٠ | ٠ | ٩٠ |
| -٣٦ |  کورسی | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -٣٧ |  مێز | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -٣٨ |  ددان | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -٣٩ |  نینۆک | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -٤٠ |  زمان | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -٤١ |  باران | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -٤٢ |  تاوس | ١٨ | ٢ | ٨ | ٢ | ١٠ | ٠ | ٩٠ |
| -٤٣ |  کاتژمێر | ١٩ | ١ | ١٠ | ٠ | ٩ | ١ | ٩٥ |
| -٤٤ |  تراکتۆر | ١٧ | ٣ | ٨ | ٢ | ٩ | ١ | ٨٥ |
| ٤٥ |  بازن | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -٤٦ |  ڕێواس | ١٩ | ١ | ٩ | ١ | ١٠ | ٠ | ٩٥ |
| -٤٧ |  کاکی | ١٧ | ٣ | ٨ | ٢ | ٩ | ١ | ٨٥ |
| -٤٨ |  سمۆرە | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |
| -٤٩ |  ڕێوی | ١٨ | ٢ | ٨ | ٢ | ١٠ | ٠ | ٩٠ |
| -٥٠ |  مەیمون | ٢٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١٠٠ |


خشتەی ژمارە (٣) ئەنجامی وەڵامی پرسیارە ئاڕاستەکراوەکانی کۆدی زارەکی و کۆدی نازارەکی

بەسەرنجدان  لە خشتەی ژمارە (٤)دە ڕێژەی سەدی و کاریگەریی کۆدی دوانە دەبینین، لە کۆی (١٠٠٠) هەزار پرسیاری ئاڕاستکراو بۆ فێرخوازان، کە بە پێی کۆدی دوانە، واتە لەم قۆناغەدا پرسیارەکان بە شێوەی کۆدی دوانە (کۆدی زارەکی و کۆدی نازارەکی) ئاڕاستەی فێرخوازان کراوە، لەم (١٠٠٠) هەزار پرسیارە فێرخوازان (٩٦٢) نۆ سەد و شەست و دوو وەڵامیان زانیوە، بەمەش ڕێژەی وەڵامی زانراو لە تێستی کۆدی دوانە لە (%٩٦.٢) لە سەدا نەوت و شەش و پۆینت دوو بووە، ڕێژەکە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە، وەڵامی نەزانراویش لە تێستی کۆدی دوانەدا (٣٨) سی و هەشت وەڵام بووە، بەمەش ڕێژەی وەڵامی نەزانراو لە کۆدی دوانەدا دەگاتە ڕێژەی (%٣.٨) لە سەدا سێ و پۆینت هەشت، ئەم ئەنجامانەی لە کۆدی دوانەدا دەست کەوتوون دڵخۆشکەرن لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، دەتوانرێت لە پرۆسەی فێربووندا پشتی پێبەبەسترێت، لە وەڵامەکانی کۆدی دوانەدا ڕێژەی وەڵامی زانراو لای ڕەگەزی مێ بەم شێوەیە بووە، لە کۆی پێنج سەد پرسیار کە ئاڕاستەی (١٠) دە فیرخوازی ڕەگەزی مێ کراوە، توانیویانە (٤٧٢) چوار سەد و حەفتا و دوو وەڵامی ڕاستبدەنەوە، بەمەش ڕێژەی وەڵامی زانراو لای فێرخوازانی ڕەگەزی مێ (%٤٧.٢) لە سەدا

چل و حەوت و پۆینت دوو بووە، وەڵامی نەزانراویش لای هەمان ڕەگەز (٢٨)بیست و هەشت وەڵامی نەزانراو بووە، بەمەش ڕێژەی سەدیی وەڵامی نەزانراو (٢.٨%) لە سەدا دوو و پۆینت هەشتە، ڕیژەی وەڵامی زانراو لای فێرخوازانی ڕەگەزی نێر گۆڕانی بەسەردا دێت، بە شێوەیەک لە کۆی (٥٠٠) پێنج سەد پرسیاری ئاڕاستەکراو فێرخوازانی ڕەگەزی نێر (٥٠٠) پێنج سەد وەڵامیان داوەتەوە و لەم ڕێژەیەدا (٤٩٠) چوارسەد و نەوەد وەڵامیان زانیوە، بەمەش ڕێژەی وەڵامی زانراو لە لای ڕەگەزی نێر (٤٩%) لەسەدا چل و نۆیە، وەڵامی نەزانراویش لای ڕەگەزی نێر (١٠) دە وەڵام بووە، بەمەش ڕێژەی وەڵامی نەزانراو تەنها (١%) لە سەدا یەک بووە، ئەمەش نزمترین ئاستی وەڵامی نەزانراوە، بە بەراورد بە هەموو تێستەکانی کۆدە زارەکی و کۆدە نازارەکییەکان، کە لەمەوپێش ئاماژەی پێکرا، ئەگەر سەیرێکی ئەنجامەکانی تێستی کۆدی دوانە بکەین دەبینین جیاوازیی ڕەگەزی کاریگەریی لەسەر ڕێژەی وەڵامەکان هەیە، بە شێوەیەک فێرخوازانی ڕەگەزی نێر ئاستێکی بەرزتریان تۆمارکردووە لە زانینی وەڵامەکان، وەڵامی زانراو لای ڕەگەزی نێر (٤٩٠) چوارسەد و نەوەت وەڵام بووە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (٤٩%) لە سەدا چل و نۆ، وەڵامی نەزانراویش لە کۆی (٥٠٠) وەڵام تەنها (١٠) وەڵام بووە، واتە (١%)، لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە لای فێرخوازانی ڕەگەزی مێ لە ئاستێکی نزمتردا بووە، لە کۆی (٥٠٠) پێنج سەد پرسیار فێرخوازانی ڕەگەزیی مێ (٤٧٢) چوار سەد و حەفتا و دوو وەڵامیان زانیوە، کە دەگاتە (٤٧.٨%) لە سەدا چل و حەوت و پۆینت هەشت، وەڵامی نەزانراویش (٢٨) ، کە لە (٢.٨%) لە سەدا دوو پۆینت هەشتە، جیاوازیی نێوانیان بریتییە لە (٢٨) بیست و هەشت وەڵام، بەمەش فێرخوازانی ڕەگەزی نێر توانیویانە لە سەدا (١.٨%) لە سەدا یەک و پۆینت هەشتی وەڵامەکانیان زیاتر بێت لە ڕەگەزی مێ. ئەم تیۆرییە (DCT) بە بۆچوونی ئێمە تیۆری کۆدی دوانە ئەنجامێکی زۆر باشی هەبوو، لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، تیۆرییەکی پەسەند و گونجاوە بۆ فێرکردنی فیرخوازانی قۆناغی باخچەی ساوایان و قۆناغی بنەڕەتی، بنەماکانی تیۆرییەکە ڕەهەندێکی پەروەردەییان هەیە، تیۆری کۆدی دوانە زیاتر لە بواری پەروەردەدا بەکارهاتووە، لە کاتی ئەزموونکردنی تیۆرییەکەدا پێشوازییەکەی باشی فێرخوازان دەبینراو، فێرخوزان زۆر بە ئاسانی لە پرسیارەکان دەگەیشتن و بە ئاسانی دەیانتوانی وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، چونکە ئەزموونە جەستەییەکانیان تێدا بەکاردەهێنا، وزەیان تێدا سەرفدەکرد، هەستەکانیان بە تەواوەتی بەرجەستە دەکرد، لەگەڵ ئەمەشدا هیچ شتێک بێکەموکوڕی نییە، لە توێژینەوەکەدا نەمانتوانی ئەو فیرخوازانە تێستبکەین و بەشدارییان پێبکەین کە یەکێک لە هەستەکانیان تێدا ناتەواوە بۆ نموونە (فێرخوازی نابینا، فێرخوازی نابیست)، ئەمەش یەکێکە لە کێشەکانی تیۆرییەکە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەنجامەکان دڵخۆشکەرن، چونکە ڕێژەی زانین تێیدا بەرز دەبێتەوە، ئەمەش ئامانجی بواری پەروەردەییە.

| شێوازی پرسیاری ئاراستەکراو | ژمارەی وەڵام | وەڵامی زانراو | ڕێژەی سەدی % وەڵامی زانراو | وەڵامی نەزانراو | ڕێژەی سەدی % وەڵامی نەزانراو | وەڵامی زانراو ڕەگەزی مێ | ڕێژەی سەدی % وەڵامی زانراو ڕەگەزی مێ | وەڵامی نەزانراو ڕەگەزی مێ | ڕێژەی سەدی % وەڵامی نەزانراو ڕەگەزی مێ | وەڵامی زانراو ڕەگەزی نێر | ڕێژەی سەدی % وەڵامی زانراو ڕەگەزی نێر | وەڵامی نەزانراو ڕەگەزی نێر | ڕێژەی سەدی % وەڵامی نەزانراو ڕەگەزی نێر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کـــۆدی دوانە | ١٠٠٠ | ٩٦٢ | ٩٦.٢ | ٣٨ | ٣.٨ | ٤٧٢ | ٤٧.٢ | ٢٨ | ٢.٨ | ٤٩٠ | ٤٩ | ١٠ | ١ |

خشتەی ژمارە (٤) بەراوردی ڕێژەی سەدی وەڵامە زانراو نەزانراوەکانی کۆدی دوانە لە هەر دو ڕەگەزدا




چارتی ژمارە (١)

کاری مەیدانی تویژەر بۆ تێستی کۆدی دوانە ڕێککەوتی:- چوار شەم/ ١١/١/ ٢٠٢٣، پێنج شەم/ ١٢/ ١/ ٢٠٢٣

## ئەنجام

١- قوتابخـــانەی زانینـــی قوتابخـــانەیەکی فرەڕەهەنـــدی جیـــاوازە، جیـــاوازتر لە قوتابخـــانە زمانەوانییەکانی تر کار لەسە هەستەکانی مرۆڤ و بەڵگەی ئەزموونییەکانی مرۆڤ دەکاتەوە.

٢- لە چیـوەی قوتابخــانەکەدا کۆمەڵێـک تیـۆری هەن، یەکێـک لەوانە (DCT)، کە بە شـێوەی ئەزمـوونی کـار لەسـەر دوو کـۆدی جیـاواز دەکـات بـۆ ئاسـانکردنی گەیانـدنی پەیامەکـان، لە (DCT) دا پەیامەکان بە ڕوونی دەگەیەنرێن و باگراوەندێکی پەروەردەییان هەیە، چونکە بۆ هەر کردەیەکـی گەیانـدن پشـت بە دوو کـۆدی جیـاواز دەبەسـتن، کـۆدی زارەکـی و کـۆدی

نازارەکی، زۆربەی بەڵگە ئەزموونییەکان لە بواری پەروەردەدا بەئەنجامگەیەنراون، هەستی بینین لە (DCT) دا بە گرنگترین هەستەکان هەژماردەکرێت لە گەیاندنی پەیامەکاندا.

٣- بەپێی ئەنجامی داتاکان ڕێژەی زانین بەپێی ئەزموونی کۆدی دوانە لە ئاستێکی بەرزدایە، بە جۆرێک ڕێژەکە بەرزبۆتەوە بۆ سەرووی (٩٦.٢%) سەدا نەوەت و شەش و پۆینت دوو، ئەمەش ئەنجامێکی دڵخۆشکەرە بۆ بواری پەرەوەرد و فێربوون.

٤- بەپێی ئەنجامی داتاکان، ڕێژەی زانین لای ڕەگەزی نێر بەرزتر بوو، وەک لە ڕەگەزی مێ، بە ڕێژەی (٤٩%) سەدا چل و نۆیە، لەکاتێکدا ئەم ڕێژەیە لای ڕیگەزی نێر کەمترە و دێتەخوارەوە بۆ (٤٧.٢%) سەدا حەوت و پۆینت دوو.

٥- کۆدی دوانە یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکان و ڕێگا سەرکەوتووەکانی بەدەستهێنانی زانیاری بە ئاسانترین شێوە، تیۆرییەکی گونجاوە بۆ فێربوونی هەموو ئاست و تەمەنە جیاوازەکان گرنگیی خۆی هەیە.

## سەرچاوەکان


- احمد پاقێ جمیل (٢٠١٢)، ئەرکی وێنەی هەواڵی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ڕۆژنامەی ئاوێنە بە نمونە، نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانی.

- فتح الله احمد محمود، نەریمان حەسەن (٢٠١٧) پەیڕەو و بنەما سیمانتیکییەکانی درکپێکردن، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ژمارە (١١)ساڵی چوارەم.

- عەبدوللا عەبدولسەلام نەجمەدین، (٢٠١٩)، نیشاندان و شرۆڤەکرنا مۆدێلێن وێناکرنێ پەرتووکا خواندن و ڕێزمانا کوردی بۆ پۆلا شەشێ بنەڕەت وەکو نمونە، گۆڤارا زانکۆیا دهۆک، ژمارە (١).

- غەریب نالی ئەدهەم (٢٠١٦)، درکپێکردنی میتۆنۆمی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان زانکۆی سلێمانی.

- کانەبی دلیر سادق،( ٢٠١٩- ٢٠٢٠)وانەی خوێندنی باڵا/دکتۆرا زانکۆی ڕاپەڕین فاکەڵتی پەروەردەی قەڵادزێ، تیۆرەکانی زمان.

- رضا نیلی پور (١٣٩٨) زبان شناسی شناختی، دومین انقلاب معرفت شناختی در زبان شناسی، چاپ سوم ،تهران.

- گلفام ارسلان و راد یوسفی فاطه (١٣٨١)، زبان شناسی شناختی واستعاره، تازەهای علوم شناختی،سال ٣، شمارة٣.

- موهند محمد راسیخ، (؟)، اصول و مفاهیم بنیادی زبان شناسی شناختی.

- سلیمان ابراهیم محمد(٢٠١٤)، مدخل الی مفهوم سمائیةالصورة، المجلّةالجامعة، العددا السادس عشر،المجلد الثانی، ابریل.

- Aleksander Szwedek , (2019) Complex Image Schemas, journal.tertium.edu.pl

10.7592/Tertium2019.4.1.Szwedek
- Duygu ÇURUM( 2010), tarafından hazırlanan - Effect of Imagery Mnemonic Method of Loci in Consecutive Interpreter Training ANKARA.
- Geeraerts,Dirk and Cuyckens H.(2007), Introducing cognitive linguistics In D. Geeraerts and H. Cuyckens (eds). The oxford Handbook of cognitive linguistics. Oxford: Oxford university press.
- James.m.Clark and Allan paivio(1991), Dual coding theory and education,02 Education psychology, Review,vol.3no.
- Paivio, (1971), Imagery and verbal processes. New York: holt, Rinehart, and Winston
- paivio,A &lambert, W,(1981) Dual ceging and liin guual memory-journal of verbal , learning& verbal behavior.
-Paivio,(2006), DUALCODING THEORY AND EDUCATION, University of westem Ontario, Draft chapter for the conference on 'pathways to literacy Achievement for high poverty Children'
- paivio(2010), lexicons, Context,Events and Images.dual coding theory,Recived29,October, University of westem.
-PaulThagard,(2005) and introduction to cognitive science,(psychology,anthropology, philosophy, linguistics, neuroscience) second edition combridge, Massachusetts, London, England
- piaget. J ,(1993) john Amod Comenius . Retrieved February 29,2004 from http/www.
-PauA.Kirschner & Mirjam Neelen(2017) https:// / dual-coding-in-the-hands-of-students
- Sadoski, M. & Paivio, A. (2004). A dual coding theoretical model of reading. In R. B. Ruddell & N. J. Unrau (Eds.), Theoretical models and processes of reading (5th
1329-1362). Newark, DE: International Reading Association
-Begg ( 1972), https://www Cited by 152 — Begg, I. (1972). Recall of meaningful phrases. Journal of Verbal Learning & Verbal Behavior, 11(4), 431–439. https://.
-Baddeley-and-Hitchs(2017),https://www.researchgate.net/figure/ -working-memory-model_fig4_233569247.

- Vyvyan Evens (2017), The Emoji Code, first published in Great Britain, London SW47nq

أ. م. د . نوزاد ئەنور عمر / كلية التربية قسم اللغة الكرديه
nawzad.anwer@Koyauniversity.org
الباحثة شنۆ عولا حمدامين / كلية التربية قسم اللغة الكرديه
shnoaula@gmail.com

ملخص

تعتبر اللسانيات المعرفية واحدة من اكثر مدارس علم اللغة شيوعيا ،وهي تعتمد على العواطف الانسانية للمعرفة وتتكون من عدد من النظريات التكميلية والتي تعمل جميعها في اطار المدرسة بطريقة تكميلية فهم مثل أفراد الاسرة العمل معا ومشاركة بعض الخصائص والاختلاف في بعض الآخر ولكن هناك شئ مشترک يجمعهم معا داخل المدرسة هناك العديد من النظريات التي تعمل على اللغة Dct هي نظرية تعمل على قضايا اللغة في سياق تعليمي الكل عملهاتجريبيًّ في مجال التعليم تهدف النظرية إلى نقل رسالتها من خلال شفرتين مختلفتين الشفرات الشفوية وغير اللفظية يتكون الكود اللفظي من الصور يعمل كلا الرمزين معا في مجال التعليم نتيجة لأدلة التجريبية التي قدمتها النظرية في إطار مدرسة المعرفة.